
# دەق



دەنکە هەنارەکان
بەناو خەونتەوە دادەکەن

هەندرێن

## چاوەڕوانی
ناسری حیسامی

## غەدرت کرد !
مارف عومەر گوڵ

## لەدونیا خراپتر ...
حسێن ئەحمەد

## هیچ شتێك لەتۆ ناچێ
ئەنوەر حسێن (بازگر)

## خاك و خۆڵی شتەکان
پەری شێخ ساڵح

## ئەنکم ئاشنای کردینەوە بە باران
داستان بەرزان

## دەروێشی هاوڕێم
د. ئەمین موتابچی

خوێندنەوەی کتێب
## خەونی نووسین
ئەحمەد مستەفا نەجمەدین



# دەنکە هەنارەکان بەناو خەونتەوە دادەکەن

هەندرێن

لەماڵی سروشتدا، لەخەیاڵی چیاکانەوە، بەرد دەخوێنیتەوە:
کانی بێدەنگیت لێ هەڵدەقووڵێت.
لەژێر مانگەشەوی هاوینی پێدەشتەکاندا، مەوداکانی خود
تەیدەکەیت:
رووباری یادەوەریی بەناوتدا سەرهەڵدەگرێ.
لەو ئاوەڵابوونەدا رووتدەبمەوە:
شەبەنگی بوونت دەردەکەوێت.
بەدەم رێوە، بەرەو خۆبوونێکی تەنیاترتدا،
لەنێوان پچڕانەکانتدا، یاخیبوون دەتدوێنێ:
بەکوێ دەگەیت؟
خۆبوونێك لەهەڵگەڕانەوەنتدا:
سەفەرێك لەناوتەوە دەتلەرێنێتەوە.
سێبەرێك لەسەراب، رامانت تەردەکا:
هەناسەت دەکا بەحەرف.
وەك (رێژنە بارانی دەنکە هەنارەکانی شایەن)،
بەسەر بەردە نەخوێندراوەکانی ئەو سەفەرە دابکا،
کراسی ئەو بوونە شەبەنگییە،
وەك دڵی هەناریی بنوێنە:





ئەی چیای شاگەشکەیی من!

کاروانێك لەویست
کاروانێکی گومڕابوو،
بەنیگای حوزن و ناڵەی بارانییەوە،
گەیشتەئێرە.
رێبوارەکان یەك بەدوای یەك وەستاون،
کەسیان نازانن بەرەو کوێ رێدەکەن.
کەسێك نییە بەلەدیان بکا؟
لەوێ ئاپۆرەیەك لەجەستەی چاوەڕوان دەجمێن.
هەموویان دۆشداماو لەیەکتر دەڕوانن و
لەوبەری رێگاوە
دەنگێك لەنادیاریی
بەدەست ئاماژە بەرەو ئاقارێك دەکا:
ویستی دەستبەسەرداگرتن...
چەند پیاوێك بەگاڤی راڕاوە رێدەکەن
دەنگێك لەویستی یادەوەریی لەبێدەنگیمانەوە دەلەرێتەوە.
ئەڤینداریێك لەرەنگی "مەم و زین" سەرلەنوێ
لەئێستاماندا ئامادە دەبێ و
دەستنووسێك لەداستانی ئەی سەرفرازییمان
بۆ دەخوێنێتەوە.
بەرەو خود رێبکا:
ئەی کاروانی نەتەوەیەکی ئاراستە گومڕاو!

ستۆکهۆلم / مای ٢٠٠٩



## که لەباوەشی تەنیاییت

### بۆ: سەرابی چیا

س
تۆ لەئامێزی شەبەنگی تەنیاییەکی
شکۆمەنددا،
که بەدەم توانەوەی ژانی بیرهاتنەوەکانەوە
لەناو چاوە بێخەوەکانمدا دەتوێیتەوە،
وەك سەرابێکی راماو
شەپۆڵی چرپەکانت،
لەباوەش دەگرم.
چ
لەناو چاوی تراویلکەیی چیاکان، لەماڵی کانییەکانەوە،
مانگ بەدەستێك تیشکەکانی بۆ فڕێدەدای.





پیاسە ڕاڕاییەکانی پاسەوانیش لەسەر ڕێچکەی چاوەڕوانیدا، تەنیا شەکەتکردنی یادەوەریی دۆڵەکان بوو. منیش لەناو بیرکردنەوە پچڕ پچڕەکانەوە تەنیاتر دەبووم. بەمەحاڵ گەمارۆدەدرام. مەستبوون بەجیاوازی خۆفرۆشیی و یاخیبوون: فریوی دام.


جوانییە ئاڵۆزەکانی چیاو لووتکەکان؛ دۆڵ و پێدەشتەکان چۆن دڵیان دەدامەوە.

ئەوەتا لێرەم و رووخسارم بەناو بێشوێنی تاراوگە رۆدەچێ و لەهیکرا کشان و رژانی بێدەنگیی سێبەری سنەوبەرەکەی سەر کانی " کوێستانی وەرتێ" و خەوی ناو ئەشکەوتە مەرمەڕییەکەی سەر سنگی "چیای شیرین"، شوێنزایەکم تێدا دەزێنتەوە.

من بەدوای ویستی سێبووربەخشی ئێوە دەگەڕێم؛
شوونپێکانتان لەبیناییمدا دەرسکێن:
ئای شەوقدانەوەو هەناسەی کەڤرەکانی ژێر هەورە تریشقەو تەرزە بەخوڕ داکردووەکان!

١٦/٥/٢٠٠٩
ستۆکهۆلم

# چاوەڕوانی



ناسری حیسامی

دەمێکی درێژبوو وەستابووم.
سێبەری چیاکە هاتەخوار، سەراسەر پێدەشتی داپۆشی.
نەهاتی لەو دەشتە خامۆشە بتبینم.
هەورێکی لۆکەیی، هاتەسەر ئاسمانی چیاکەو،
سێبەری لەسینەی گەنمجاڕ خشاندو، تێپەڕی.
نەهاتییە بەر ڕێژنەی بارانێ گرینم.

بەئاوی جۆگەدا، گەڵایەك هات و ڕۆی.
تۆم نەدی.
مەلێکی بچووکی گەروو پڕ گۆرانی
لەم بەردو لەوبەردی ئەولاتڕ هەر خوێندی
عەسرێکی درەنگ بوو، هەڵفڕی.
دەنگی تۆم هەر نەبیست.





دەمێکی بارانم لێباری.
تاوێکیش زەردەی خۆر
هاتەوە سەر چیاو، داربەڕووی نزاری.

گەزیزە گوڵی کرد.
بەهارم بەلادا تێپەڕی و
هەر پشتی لەمن بوو.
هاوینم دووراو دوور
لەنێوان دێراوی ڕەزێکدا لێ ونبوو.
پاییز وەك منالێ بێوازی جلوبەرگ قوڕاوی
دەڕۆی و لەکردەی شەرمن بوو.
بەفرانبار، شەکەت بوو، سپی و سارد
ئەسپێکی زاماری لەبن بوو.



هەموویان، هاتن و،
بەلامدا تێپەڕین،
ئەوەندە چاوەڕێی تۆ بووم من
دەرفەتێك نەمابوو یەکێکیان بدوێنم.

بەژنی من دارێك بوو، لەقەراخ ڕێگاکە ڕوابوو
تەمەنم بەقافڵەی ساڵ و مانگ
گوزەرگای تێپەڕاند، لەچاوم ئاوا بوو.

ئێستاکە ئامێزم بۆی خاکی پاییزی گرتووە
ڕەشایی گۆمێکی تاریکی
سێبەری دارەکان چاومی ڕشتووە!
بەفری سەر چیاکان، لەسەرم نیشتووە
دڵیشم – شەکەتی ئەو ڕێگا درێژە،
میوانی خەوتێکە و لەپەنای ئاگردان
خەوتووە.



ئێستە لەو دەشتانە
جووتێرو دەشتەوان دەمناسن.
ئێستە لەو شاخانە
سبەینێ و ئێواران دەمناسن.
سپێدە پێم دەڵێ "ڕۆژت باش"!

ڕێگاکە بانگ دەکا
تۆ لەکوێی!

ئەستێرە پێم دەڵێن "بەخێر بێی!"

من ئێستا بەشێکم لەڕێگا،
بەشێکم لەخاك و لەکانی و
بەشێکم لەئاسمان.
من ئێستا نامۆ بووم لەبزەو
لەگریەو
تەنیایی
یەك ئینسان.

من ئێستا یەك ڕێگام تاکو تۆ پێمدا بێی


من ئێستا هەر هەموو
ڕابردووم!
باوەشی کراوەی تاسەم و
ئامێزی بەتاڵی
ئارەزووم!

٢٠٠٩/٣/١٠





# غەدرت کرد !




(بۆئێوە،
من خۆم دەزانم کێن و
ئێوە نازانن کێ دەڵێم)

مارف عومەر گوڵ

**توخوا، لەبەرەبەیاندا وەرە،**
**یا دەروانمە زەردەپەر**
**یا لە شیرین خەوم ڕاکە،**
**دڵم جێگەی هەموو شتێ تێدا دەبێتەوە، کینە نەبێت!**
**زمانم لەبەردەم غەدردا گۆناکات**
**دەست لەو خەمساردییەت هەڵگرە،**
**من هەریەکجار دەژیم**
**دەست لەو بێزارییەت هەڵگرە،**
**من هەر بەبێدەنگی دەگریم.**
**ئاخ! لەزەمانێکی پڕ لەساختەو ساختە چیدا**
**لەزەمانێکی پڕ لەگومڕاوگومڕاییدا**
**لەسەردەمێکی پڕ لەبازرگان وکاڵای ئێکسپایەردا**

نە دڵ دەتوانێ گوڵ بدوێنێ
نەگوڵ دەتوانێ، لەبێ بارانیدا دیدەنی سروشت بکات!
چی بەشمشێرێك بڵێم،
لەكەس ناپرسێ و خوێن دەڕێژێ
چی بەخوێنێك بڵێم،
پرس بەدرەختێك ناكاو جۆگەیەك هەڵدەبەستێ
غەدرت كرد،
ئەی گەردوونی بێ گەردوونەوان، لێم تێنەگەیشتی!
غەدرت كرد!
لەئێوارەی نەورۆزدا سەیری منت نەكرد چۆن دەسووتێم
لەبەرەبەیانی جەژندا،
سەیری منت نەكرد هێشتا لەسبەینێ رادەمێنم،
ئەی كەی جەژنە پیرۆزە لەگەڵ تۆداو لەگەڵ ئەوانی تردا بكەم!
ئەوا شەبەقی شەوێكی ئەنگوستە چاوەو
نەسەرپشوی داوەو نەخۆم بۆلای تۆ ئامادەكردووە!
بەكوێدا بێم؟
هیچ شەقامێك ناوێرێت لێم بپرسێت، بەكوێدا دێم
توخوا نەوێنەی خوێن، نە وێنەی كوشتنێك
نەهێننە بەرچاوی منێك
لەدژی قەلاچۆكردندا بوومەتە بولبولێك.



ئەگەر چاوەڕێی تۆ نەكەم
ئەم سەر زەمینەم لێ دەشێوێت
بەهەموو لایەكدا پەرشوبڵاو دەبمەوە
دەڵێی وردوخاش كراوم
هەموو رێگایەكم لێ تێكدەچێت!
ئەگەر چاوەڕێی تۆ نەكەم،
نە باران و نەبەهارو
نە هەتاو و نەهۆنراوە، نامگرنەخۆ






لەهەورازو لەنشێودا
لەتەختایی و دۆڵاو دۆڵدا
وێڵێكم رێ نابەمەوە ئێوارەی هێلانە نشین
تەواو زەینم ناچێتەوە شوێنەواری جارانی خۆم
هەموو رۆژێك تائێوارێ،
هەر چاوەڕێی دەركەوتنی تۆمە
هەموو شەوێك تا بەیانی،
هەرچاوەڕێی گوڵە ئەستێرەكەی خۆمە
تۆش غەدرت كرد،
غەدرت كرد!
ئای لەم غەدرە!
چۆن دەستت دەچێتە روحی من؟
ئەگەر دەوران هەروا بڕوات.
لەبێ تۆییدا سەردەنێمەوەو مەگەر خودا بزانێت
ڕوو لەسەختە چیایەك دەكەم
یا بیاباتێكی بێ سەروبن!
ڕوو لەجەنگەڵستانێك دەكەم
یادۆڵێكی بێ گەڕانەوە!
نە نزایەك قبووڵ دەكەیت
نە فرمێسكێك دەخوێنیەوە
نە گوێ لەتكایەك دەگریت
نە هاوارێك دەبیستی!
چ ویژدانێكی رەقت هەیە!
نازانم تۆ چیت؟
پێتوایە منیش تاشە بەردێكم لەتۆ
یاشتێكی دیكەم لە دەمارو خوێن!
پێتوایە منیش:
لەزەردەپەڕەوە دەنووم،



له‌خۆرئاوابوونیشدا هه‌ڵده‌ستم
پێتوایه منیش له‌هه‌زار به‌هه‌زارێکدا هه‌ڵدێراوم
ناگه‌ڕێمه‌وه به‌رسێبه‌ری دره‌خته خۆشه‌ویسته‌که‌ی ته‌مه‌ن
نه‌هه‌تاوم لێ هه‌ڵدێت و
نه تریفه‌ی مانگ ده‌بینمه‌وه!
پێتوایه من چیم،
پێتوایه من کێم؟
ئای له‌م غه‌دره!

سلێمانی
٢٠/٣/٢٠٠٨







# له‌دونیا خراپتر ...

له‌دونیا خراپتر ...

حسێن ئه‌حمه‌د

بۆ ئه‌وه‌ی له‌وه دڵنیابین که جیهان بوونی نییه، ته‌نها ئه‌وه‌نده به‌سه بیر له‌هه‌موو ئه‌و پووچی و بێماناییانه بکه‌ینه‌وه، که ژماره‌یه‌کی بێشومار له‌ده‌به‌نگ و گه‌مژه پێیانوایه ئه‌وه جیهانه. (ژاك لاكان)

دونیام هێناوه‌ته ژووره‌که‌م
وه‌ك هێنانه‌وه‌ی پشیله‌یه‌ك بۆ ماڵ
وه‌ك ڕاگرتنی سه‌گێکی بچکۆله له‌حه‌وشه
وه‌ك ڕاکێشانی شه‌به‌نگێکی نائومێد تا کۆڵان..

دونیام بردۆته ناو سه‌رم
وه‌ك بردنی کچێکی ئه‌ویندار بۆ نوێژ
وه‌ك ناردنی نامه‌یه‌کی قاچاخ به‌ناو جه‌هانمدا
وه‌ك دیلکردنی ڕۆحێك له‌سه‌ر به‌رماڵ

دونیام له‌دونیاوه گواستۆته‌وه تا خۆم
هه‌ر بۆیه خۆم له‌خۆم ونکردو دونیام دۆزییه‌وه

هەربۆیە خۆم لەخۆمدا بینی و دونیام کوشت...

من دونیام بەشکۆفەی گوڵەکانییەوە کوشت
بەمیهری بەربووی باڵندەیەکەوە لەسینگی خۆی
من دونیام کوشت، وەکو کەسێك عادەتی فریشتەیەك دەکوژێت
وەك حاجییەك بەرد دەنێت بەخولیای ئەهریمەنێکەوە لەمەککە
من لەبەردەم تەقوای سەوزی بەخچەدا دونیام کوشت
بۆ ئەوەی تۆ گەورە نەبیت
بۆئەوەی لەیەك مەنفادا تەنهابین
نەك لەسەر بەش بە بەشی زەویش

بەهار رۆشت، تۆ ئیتر وەك خولانەوەی ئەستێرەیەك
من بەدەوری غەمگینی خۆمدا دەسورێنیت
تۆ ئیتر وەك لەباڵ خستنی نەورەسێك، من لەئومێد دەخەیت
تۆ کە بەش بە بەشی دونیات بۆ هاتم و ئیدی نیت
بەجۆرێك منت وێڵ کردووە
کە دونیا لەسەر من غەمگینەو،
من لەسەر تۆ تەنیام...

دونیا مرد، وەکو چۆن رۆحی من لەناو سینگی تۆدا دەمرێت
وەکو چۆن کەسێك کەسێك دەکوژێ و شتێك لەسەر ئەستیرەیەکی دوور دەمرێت.
دونیا مرد،
ئیدی تۆ چیت هەیە،
جگە لەمشتێك تەنهایی و شتێکی کەم عەبەس و هیچ
ئیدی من چیم هەیە، جگە لەوەرسیم لەتۆو
لەتوندوتیژی کتێبێك کە رەنگە خۆمی پێبکوژم.

من خۆمم لەناو تۆدا کوشت
لەناو بست بەبستی تۆدا





لەسەر بەش بە بەشی جەستەت
من خۆمم کوشت، چونکە تۆ ئیدی زیندوو نیت
چونکە تۆ هی دونیای،
من هی شوێنێکی تر...
کە رەنگە ناو خۆم بێت!

دڵی دونیام لێ پیسبووە،
بەهەموو هێزی خۆمدەمەوێت لێی دەرچم
بەهەرچی غەمگینیم هەیە دەمەوێت خۆم لەپەتەکانی بدزمەوەو لێی دەرچم
دەرچوونم لەدونیا، دەرچوونی گوڵێکم نیشاندەدات لەئەڤینی نەسیمێکدا خۆی بکوژێت
دەرچوونی مانگم نیشان دەدات لەزۆنەکانی خۆیدا بوویێتە بەرد
من بوومە بەردو خەونم هەیە وێنەی کتێبێکم لێ داتاشن
وێنەی دێرێك شیعر، کە زەوی بەهەموو قورسایی باڵەکانییەوە دەلەرزێنێت
وێنەی مرۆڤێکی تەنها، کە دەستی بەغەمگینییەوە جۆلانێ بەنائومێدیی خۆی دەکات
وێنەی کەسێك، کە لەتەنیشت ئەستێرەیەکەوە منی کوشت
منی کوشت، بۆ ئەوەی من دونیا نەکوژم
منی کوشت بۆ ئەوەی نەمکەن بەکتێبێك
کە تەنها باسی ئەو بکەم.

تکایە دونیا دوورخەنەوە،
من خەونی ئاسمانێکم هەیە، خودا لەپەنجەرەکانییەوە ببینم
خەونی فرینێکم هەیە بەسەر حەوشەی بەهەشت و جەهانمەوە بموەستێنێت
من خەونی خۆکوشتنێکم هەیە، تا گوڵ والێیکات بەسەر خوێنەکەمەوە بگری
هاوارکات و هەرچی ئومێدی زیندووبوونەوەیە لەتەوێڵییەوە بێتە دەرێ
دونیا دوورخەنەوە،
من خولیام هەیە تەنهاییم بنێم بەتەنهایی پێغەمبەرێکەوەو

غەمگینی خۆم لەغەمگینی کەسیکی تردا تەواو بکەم
من خەونم هەیە ئەم ئەستێرەیە بەباخچەکانییەوە بگۆڕم
چونکە خودا تەنهایم ناگۆڕێت..!
چونکە خودا ئەم دونیایەی هێند نزیك کردۆتەوە لێم
کە ئیتر لەبەختیاریی دوورکەوتوومەتەوە ... دوور.. دوور

ژیان چوو، ئیدی تۆ هەبیت یان نەبیت
مردنی گیا هەیە،
مردنی خاك،
مردنی ئەستێرە،
کوژانەوەی ئاسمان هەیە
ئیدی تۆ هەبیت یان نەبیت،
زولمەت هەیە، کاتێك رۆحی خودا بەشەبەنگەکاندا دەبەم
کاتێك خۆم پڕچەك دەکەم بەدەریاو مەرگی خۆم بەجەنگەڵدا دەبەم
تۆ مەبە تۆ مەبە
بوونی تۆ پەشیمانبوونەوەی دونیایە لەمردن
پاشگەزی قیامەتەکانە لەهات، پاشگەزی کاتە لەڕۆشتن
تۆ مەبە تۆ مەبە
تا بەدڵی خۆم کات بکوژم، چرکە وێران بکەم، هەفتەکان بکەم بەماڵی
خوێن
تۆ مەبە تۆ مەبە،
کە تەنهایی هەیە، خۆکوشتن بۆئەوەیە دونیا نەمان کوژێت
کە غەمگینی هەیە، فڕین بۆ ئەوەیە باخچە نەمان کوژێت
تۆ مەبە تۆ مەبە

هاوینی/ ٢٠٠٨





# هیچ شتێك لەتۆ ناچێ

ئەنوەر حسێن (بازگر)

هیچ کەشتیەکی سەرسەخت ناتوانێ
بمکاتە موسافیری ئەبەدی خۆی

هیچ سەفەرێ، ناتوانێ
رێگام لێبگرێ بۆ گەڕانەوە

هیچ زستانێ ناتوانێ سەرم سڕکا
بۆ بەهارێ، بۆ ژیانەوە

هیچ تۆڕێك ناتوانێ
بمکاتە دیلی ماسیگرو
هیچ باڵندەیەك ناتوانێ
سیحری فڕینم لێ بستێنێتەوە

هیچ جــوانیــەك ناتوانێ
نیگا سیحراوییەکانی تۆ بدزێ

هیچ خاکێك ناتوانێ، بێ تۆ
بمبەستێتەوە بەخۆیەوە

هیچ ژنێکی تر
ناتوانێ جارێکی تر دڵم رامکات بۆ خۆی

هیچ پایزی ناتوانێ، بیری تەڕبوونی
تۆم لەژێر بارانا لەبیربکا

هیچ جەهەنەمێ، ناتوانی لەپای
عەزابیدا، راموسانی تۆم لەیادبکا


جگەلەدڵی تۆ
هیچ کۆشکێکی ئەم جیهانە ناتوانێ
لەخۆم بگرێ
جگە لەفرمێسکی تۆ
رێگا نادەم دەستم، جارێکی تر فرمێسکی
هیچ کەسێك بسڕێ
سەفەر ناتوانێ
بۆنی هەناسەکانی تۆ بکوژێ
بەفر ناتوانێ
بۆنی سنەوبەری پاش باران
بسڕێتەوە
دڵنیابە هیچ شیعرێ ناتوانێ
بمنووسێتەوە



هیچ رۆمانێ ناتوانێ
بمخوێنێتەوە

تۆ وەك شەرابی دێرین وای
تابمێنی بەتامتری
تۆ وەك روحی خوا وای
تا رۆژگار دێ
بەگومانتری

تاران
٢٠٠٩/٥/١٣



## جانتا

جارێکی تر دێم‌و
ناو جانتاکەت
دەپشکنم
کە دەزانم دڵگرانی
جارێکی تر دێم‌و
جزدانەکەت دەپشکنم
کە دەزانم دڵگرانی
جارێکی تر دێم‌و
موبایلەکەت
دەپشکنم
کە دەزانم دڵگرانی
نەك بۆ میکیاژو
پارەی جزدان‌و
مەسجەکانت

نا
بۆئەوەیە،
تابزانم
وێنەکانم ڕەنگیان چۆنە
تابزانم
لەناو جانتاو جزدان و مۆبایلەکەت
هەر میوانن

تاران
٢٠٠٩/٥/١١

## تەسبیح


چۆن تەسبیحەکەت ئاڵقە ئاڵقە
لەدەستمایە
بۆنی روحت،
یادی ماچەکانی لێوت
هەناسە گەرمەکانی ناخت
بۆ هەمیشە
لەگەڵمایە
چۆن مورووەکانی تەسبیحەکەت
رۆژانە هەزارجار
دەژمێرم
چۆن مەسجە پڕ نازەکانت
هەزار جار دەخوێنم





رۆژی هەزارجاریش
دوعا دەکەم
تەمەن درێژبم
تاپێ راگەم،
تەسبیحەکەت ملیۆن جاری تر
لەدەستم بئاڵێنم
تا پێ راگەم،
ملیۆن نامەت بۆ بنێرم
تا تەمەنم درێژتربێ
گۆرانیت بۆ بڵێم
شیعرت بۆ بخوێنم و
فرمێکست بۆ بیارێنم

تاران
٢٠٠٩/٥/١١





# پێڵاوەکانم ئەگات، خۆم نا

بەشدار سامی

نووسینەوەی ژێرپێیەکانی کۆڵانێك لەکەوتنەخوارەوەی نیگەرانیدا

**سنگم پڕبووە لەنیگەرانی**
**تەرایی جەستەم لەجۆگەکانی منداڵیدا جێماوە**
**بە حاڵ گەیشتومەتە ئێرە**
**بە حاڵ پیاوێکم کۆکردەوە بۆ گەیشتن بە ئێرە**
**پیاوێك لەپاشماوەی تەنیایی**
**پیاوێك لەرژانی ژێرپێیەکانی تەنیایی**
**تا گەیشتن بە ئێرە پارچە پارچە.**
**ڕەنگە لەئەساسەوە بۆ ئەوە هاتبم تا تەنیابم**
**ئەگینا ئەوهەموو تەنیاییە بۆ لەمندا کرمۆڵەی کردووە؟**
**دەم کوتێ ئەم ئاژاوەیە**
**ئەم ئاژاوەیە لەسنگمدا نیگەرانی دەکوتێ**



**ئینسانبوونم دەکوتێ.**
**ڕەنگە ئەم پیاوە بەگالیسکەی وەرزەکاندا تێپەڕێت و نەگات بە هیچ کوێ**
**جەنگی جگەرەی لێدەرکەی.**
**من چۆڕاوم**
**هیچم نییە بۆ گمەی ئاوەدانی**
**ئاسمان لەمندا جۆرێکیتر دەبارێ**
**من جۆرێکتر دەڕوانم**
**تەنیاییم بەپڕبوونی کۆڵانەکان لەپێڵاو کۆتایی نایە**
**ئەمە سەرەتای شپرزەییمە**
**تەنیاییم لەوشوێنە دەست پێدەکا**
**کە وەڕس دەبم لەتەنیایی و**
**بڕیاری ڕاکردنی لێدەدەم.**
**من لەزەویدا کوژاومەتەوە.هەڵم لەقاقام بەرزنابێتەوە**
**ڕستەیەکی تەزیوم**
**یانی پەککەوتە**
**دروستر بڵێم: یانی زەوی لەلورەی من بسمیلکراوە**
**تۆ ئەمەت دەزانی**
**دەزانی**
**تەنیایی لەمندا پیتەکانی لێبەربەوە...**
**لەمندا بە هێڵەکاندا دەڕوات...**
**لەمندا حیکایەتەکانی وشکبوونەوە هەڵدەخات...**
**لەمندایە موسیبەتی تەنیایی.**
**من وەها پیاوێکم چۆڕاو لەتەنیایی**
**چۆڕاو بۆ تەنیایی**
**بەهۆی تەنیایی مەوە**
**هێندەی باران تەریی بەرکەوتووە چاوەکانی دایکم**
**هێندەی بێ تاقەتی ژوورێکی تەنراو بەدووکەڵی جگەرەیش**
**بێدەنگی لەجەستەمدا کۆبۆتەوە.**
**من پیاوێکم عاجز لەهەمووشت**

لەخۆیشم
بەمنداڵیش بیرم نایەت تامی ژیانم کردبێ
ئێستایش ئەوەتام
لەبەردەم سادەترین گوزەراندا.
سەرم سووردەخوا رەنگە وادەی تۆرانم بێ
لەهەموو شتێ
لەخۆیشم.
درەختێك شك نابەم لەجگەرەم بستێنێ و
بەو عەترەی کەئێواران خۆم پەرش دەکردە
کۆڵانەکانی یار
کۆمکاتەوە.
دوور نییە دوا قومی ژیانم میراتی جگەرەیەك بێ.
جگەرەی لێوی نیشتیمان
نیشتیمانێك لەمندا مەنفا
من لەئەودا تەنیا
پەراوێز.
من لەنیشتیماندا
بێ نیشتیمانیم بەرکەوتووە
هیچم نییە هیچ
زۆرجار نووسیومە: نیشتیمان تا ئەو شوێنە جوانە کە نیمە
لێ ئەوە رستەیەکە
دەشێ دوای مردنم پیاسەبکا
دەشێ وانەبێ
ئەمەیش بەشێکیتریێت لەنیگەرانیم.
من پیاوێکم نیگەران
نیگەران لەهەموو شت
لەخۆیشم
هەموو سەعاتێك شێست دەقیقە لەتەنیاییدا ژیاوم.
شەقامەکانم بەخشیوە بەپیاسەکانم
پیاسەکانم بەتەنیایی





تەنیایی بەژورێك
ژورێك لەمندا کرێچی
من لەئەودا تەنیا.
لەوە نیگەرانتر قەت خۆم پیشانی ماڵەوە نەداوە
سور دەزانم
ئەو نیگەرانییەی من کارەساتێکی لەدواوەیە
هێواش هێواش لەتەماشاکردنی جگەرەدا کاڵ دەبمەوە
هیچم نەماوە بۆ تەماشاکردن
بۆ چاوەڕوانی!
کۆمکەرەوە ئەی زەوی
ژیان لەنێو پێلاوەکەمدا بۆنی گۆڕەویی گرتووە و
قرچەم دێت .
ژیان لەمندا ناگوزەرێ
من لەئەودا بیر چوومەتەوە
بیرەوەری دەمنوسێتەوە
بیرەوەری تەنیایی
تەنیایی لەنهێنی زەمەنێکیتردا تاگەیشتن بەئێرە
نهێنی ماوەتەوە
بم جەربێنە ئەی خاك
ئەی عەدەم
لەوانەیە مەرگی من پەرشکردنی تاریکیبێت
ئەگەر تەنیا جێهێشتنی ژورەکەیشم بێت.
تاقەتی تەماشاکردنی باخچەکانی نیشتمانم نەماوە
باخچەکانی نیشتیمانێك لەمندا پەرپووت ....ڕووت لەگەڵا
قەرەباڵغ لەهیچ...لەبۆشایی
چی لێ چاوەڕوان دەکرێ؟
چیم لێ چاوەڕوان دەکا؟
بونم لەتەپەی پێی مێرو-ولەیەك خاڵیترە بۆ ژیان
لەنیشتیمانێکی نێو قەفەزی حزب شیاوترم بۆ مردن
ئێرە ئەو جێگایەیە کەمن تیایدا دەبێ بنووسم کۆتایی

ئێره كۆتایی ژووره‌كه‌مه‌!
خه‌مێك له‌باوه‌شم ده‌خولێته‌وه‌
خه‌مێك سه‌رقاڵ
به‌نووسینه‌وه‌ی دوایین نه‌هامه‌تی سه‌ر ته‌وێڵم
رووناكییه‌ك شك نابه‌م نیگه‌رانیم له‌خۆیدا كۆكاته‌وه‌
جگه‌ره‌ به‌جگه‌ره‌ شێدار ده‌كه‌م
به‌نیگای هه‌میشه‌ بێده‌نگی ئینجانه‌ ده‌ڵێم:
ئێمه‌ چین هاوڕێم
ئه‌و هه‌موو سه‌فه‌ره‌مان كرد
ئاسمانمان هه‌ر شینه‌
چنگێك سێبه‌رمان نییه‌ له‌(با).
به‌من چی شه‌قامێك دروستكراوه‌ بۆ پیاسه‌
كه‌ماڵێكم نه‌بێ دوای جووتبوونی خۆم و ژنه‌كه‌م
له‌ژیان بڕوانێ.
من وه‌ڕسم له‌به‌خشینی تاڵه‌كانی ته‌مه‌نم
به‌حیله‌ی ئه‌و ره‌نگانه‌ی وایانكرد
با بمبات له‌دره‌خت بزربم.
ره‌نگه‌ لات كوفر بێ
كه‌نامه‌وێ بگه‌ڕێمه‌وه‌ نێو كۆڵانه‌كانی خودا
ئاخر ئه‌وه‌ گوناهی من نییه‌
كه‌نه‌توانم له‌وه‌ زیاتر یاریی له‌گه‌ڵدا بكه‌م
ئه‌وه‌ گوناهی خۆیه‌تی كه‌نه‌یتوانی وام لێبكا
بۆ هه‌میشه‌ ترپه‌كانی دڵمی پێ ببه‌خشم،
دواتر من له‌و جێگایه‌دا ده‌مرم
كه‌خودا قولاَنجێك بۆشایی نه‌هێشتۆته‌وه‌ بۆ ژیان
بۆ ئاشتبوونه‌وه‌ی سه‌ركێشیم له‌گه‌ڵ ئارامی.
ئێستا هه‌رخۆم
خۆم به‌چركه‌كانی بێتاقه‌تی به‌ستاوه‌ته‌وه‌
قولاَنجێك خاكم به‌رنه‌كه‌وتووه‌
ئاوه‌دانی چۆن به‌رپاكه‌م؟



تۆ ژماره‌ی هیلاكی جاده‌كانتم بۆمه‌خه‌ره‌ سه‌ر له‌پ،
ژیان له‌تۆدا جگه‌ره‌كه‌ی كه‌ی داده‌گیرسێ؟
چۆن داده‌گیرسێ؟
ژیان له‌ژووره‌كه‌ی مندا له‌هیچی تێپه‌ڕنه‌كردووه‌
هیچ واتا كۆلاَنێك له‌بۆشایی.
من ده‌رفه‌تێكم نه‌ماوه‌ بۆ سلاَو
تا جارێكیتر سه‌رێك هه‌ڵكێشم له‌كۆلاَن
ته‌نیایی نه‌بێت به‌كه‌ڵكی شتێكیتر نایه‌م
ته‌نیایی نه‌بێت بۆنی شتێكیترم لێنایه‌ت
ئه‌و قه‌ره‌باڵغییه‌ له‌مندا ئاژاوه‌یه‌
ئاژاوه‌ له‌داگیرسانی ته‌نیاییدا جه‌نگه‌ جه‌نگ
من هیچ نیم ته‌نیایی نه‌بێت
خۆم نیم ته‌نیایی نه‌بێت
تێگه‌یشتی موسیبه‌تم؟
من وه‌هام
كاتم نییه‌ بۆ كردنه‌وه‌ی ده‌رگا
خۆم داوه‌ته‌ به‌ر بێده‌نگی ژووره‌كه‌م و
بێ ویستی خۆم جگه‌ره‌یه‌كی زۆرم كێشاوه‌
ڤۆدگایه‌كم خواردۆته‌وه‌
سه‌رمه‌ستیش نیم به‌تووره‌یی.
هه‌ر هیچ نه‌بێ په‌نجه‌ره‌یه‌كم هه‌یه‌ بۆ خۆكوشتن
بۆ دووركه‌وتنه‌وه‌ له‌دووباره‌بوونه‌وه‌ی
سیمای ته‌ڵخی شار
له‌خۆم
خۆمی به‌رده‌م ئاوێنه‌
ئاوێنه‌ی گومان
له‌باوكم كه‌زۆرجار دێته‌ ژووره‌كه‌م و ده‌ڵێ:
نووسینه‌وه‌ی ژیان مردنێكی جوانه‌
كه‌من له‌مه‌به‌سته‌كه‌ی تێگه‌یشتنم نییه‌
ئه‌ویش روونی ناكاته‌وه‌

دەڕوا
بێئەوەی ئاوڕ لەهیلاکیم بداتەوە
دەڕواو لەمن ونده‌بێ
لەمندا تەنیا دەبێ
تەنیا دەمێنێتەوە
من هیچم نەماوە تاهاوڕێیەتی باخچە
لەمندا بمێنێتەوە
لەمندابچێتەوە نێو رستەکانی شیعر
هیچم نەماوە بۆهاوڕێیەتی تۆ ئەی باخچە
ئەی بیرەوەری
تۆیش لەمندا تەنیای
تۆیش لەمندا تەنیا دەبی
تەنیا دەمێنیتەوە
لەوە دەچێ کەمێکی ترلەنێو تاتای ڕاڕاییدا پەرشببم و
وەك دلۆپێك ئاوی خەست بڕژێم
رەنگە نەتوانم لەوە زیاترچنگێت پڕکەم لەبۆنی پەنجەکانم.
نووسینی نامەیەکیتر بەخەتی ژیان
بۆ من سەختترە لەدەستپێکردنەوە
دڵم دەڵێ ئەو تەنیاییە چەندە سادەیە
هێندەش کاریگەر.
کاریگەر بەخودی تەنیایی
رەنگە لەقەدەری من تێنەگەیشتبی.
من لەتەنیاییدا خۆم کۆکردەوە
جگە لەتەنیایش بیرم نایەت شتێکم کۆکردبێتەوە
هەموو سامانی ژوورەکەم
لەبۆشایی و
پیاوێکی تەنیا و
ژنێکی نیگەران تێپەڕناکات
ئەوجەنگە دەمێکە داگیرساوە
دەمێکە پەرەی سەندووە





هێواش هێواش لەژیان تۆراوتر دەبم
ماڵەکەم لەژوورێك دایە
ژورەکەم لەجادەکان دەڕوانێ
نازانم چۆن بەژنەکەم بڵێم دەبێ نەتبینمەوە
ئاخر ئەویش گوناحە
گوناحێك خۆی بەمن بەستابێتەوە
چۆن دەکرێ بەجێی بێڵم
ئاخرچۆن؟
لەو جەنگەدا کەس براوەنییە تەنیایی نەبێ
هیچ شتێك دۆڕاونییە ئینسان نەبێت.
هێندە نیگەرانم دەڵێی قەت ناگەمە سەری کۆڵان
ئەم ئێوارەیە کەدوا ئاوڕدانەوەی خۆرنشینم لەپەنجەرەکەمەوە بینی
تێگەیشتم کەمن تەنیا خۆمدیوە
بۆیە نەمزانیوە کەسانێك هەن
بەهۆی منەوە تەنیان
بە هۆی منەوە ئازار دەچێژن
ئێستا دەزانم بێدەنگی چەندە ترسناکە
گەر نەمەوێ قسەبکەم
دەبێ خۆم کۆکەمەوە
دەبێ خواحافیزی بکەم
پیاسەیەك سەرقاڵی کردووم
رەنگە ببێ بە سەفەر.

٢٠٠٩

bashdarsami@yahoo.com



# خاك و خۆڵی شتەكان

پەری شێخ ساڵح

ویستم لەخاك و خۆڵی شتەكان تێبگەم
بینیم هەم بێ سەرەتان و
هەم كۆتاییان ونكردووە
بینیم دەنگەكان
زۆر شتیان سەروبن كردووە
بینیم چپەكان مرۆڤەكان دەخۆنەوە
میلی كاتژمێرەكان
بەپێچەوانەوە دەخولێنەوە!
قوتاییان ڕێگاكانیان لێدەگیرێ
باڵندەكان چەواشە دەكرێن
باڵندەكان،
دان بەبێچووەكانی خۆیان نادەن
درەختەكان لق و پۆپ دەرناكەن
پەیامەكان بەهەڵە دەگەیەنرێن!
پەیامەكان،





دەخرێنە گیرفانی ئاژاوەچییەكانەوە
شار سەرتاپا دەبێتە دركەزی
ڕووناكی شەقامەكان نادۆزێتەوە
شەو وەك ئاوێكی لێڵ و خوڕ
بۆ هەمیشە دەرژێتە نێو ژیانەوە!
ڕۆژ وێڵ دەبێت
دەچێتە سنووری نەمانەوە!
قوتابییەكان
بەشەو بێدارو
بەڕۆژ نووستوو،
حەپەساون، سامگرتوونی
گوڵی ناو ئینجانەكانیش
با بردوونی
پەیڤە جوانەكانیش
بوونەتە ژێر پێوە
منیش لەناو تەمدا ونم و
نازانم ملم ناوەتە كوێوە؟
لەناو تەمدا ونم و
تازە نە لەئاوێنەكانی ڕابردوودا
خۆم دەبینمەوەو
نە لەئایندەشدا ئەو خەونەم بۆ دێتە دی
شەوە ڕووناكەكانی هاوڕێشم
خۆیان دایە دەستی شەپۆلەكانی دەریا
شاعیرەكانیش چیدی
پەڕەی سپییان بۆ نەخوێندرایەوەو
ئازارەكانی نێو دڵی منیان نەدی!

# نەنکم ئاشنای کردینەوە بە باران



داستان بەرزان

١
ریشۆڵەکان بەیانیان دێن و
بەدزیی نەنکمەوە
زەیتونی حەوشەکەمان دەخۆن
نەنکم بەدزیی ریشۆڵەکانەوە
لەحەوشەکەدا داو دەنێتەوە،
ئێواران ریشۆڵەکان دێن و
بەدزی داوەکەوە
زەیتونی حەوشەکەمان دەخۆن
داوەکە بەدزیی نەنکمەوە خۆی دەخافڵێنێ
دەنکە زەیتونەکانیش بەدزیی داوەکەوە
خۆ گلۆر دەکەنەوە بۆ بەردەم ریشۆڵەکان.

٢
فرمێسکەکانی چاوی نەنکم
دەبنە گۆرانی
دەتکێنە دڵی منەوە.





٣
نەنکم لەنێو حەوشەکەدا
دڵۆپە باران دەچنێتەوە و
دەیبەخشێت بەدار هەنار.

٤
شاعیرەکە بڕیاریدا
ئیتر بەمەستی بنووسێت
بەڵام هەر زوو پەشیمان بۆیەوە
کاتێك بینی وشەکانی بەسەرخۆشی
بەقسەی ناکەن و ناوەستن،
بەو شێوەیەی ئەو دەیەوێت ریز نابن و
هەر یەکەیان لەسوچێکی پەڕەکەدا بەلادا دێن!

٥
گەر شاعیرەکان دەسەڵاتداربن
ژیان دەبێتە قەسیدەیەکی درێژ
وەلێ تۆ بڵێی ژیان لەناو قەسیدەدا
چەندە جوان بێت!

٦
نیوەڕۆیەکی وشکی هاوین
باخچەکەمان پڕ دەبێت لەباران
ئەمە لەخەوتێکمدایە کەتۆ دێیت و
دەرگای حەوشەکەمان دەکەیتەوە.

٧
لەشینای چاوی کچێکدا بەدوای شیعردا گەڕام
کاتێك تەماشای پشتەوەی خۆمکرد
پڕ پڕی بوو لەشیعری شین!

**٨**

**ئەو رۆژەی دار هەناری حەوشەکەیان بڕییەوە،**
**بۆ ئێوارە ئاگام لێبوو، دار نارنجی بەرامبەری**
**دوو سێ گەڵای تەڕو چەوری بەدار زەیتوندا بۆ ناردو**
**داوای لێکرد برینەکانی بپێچێت.**

**٩**

**لەسەر روومەتی چیا، درێژ دەبم**
**تا چاو بڕبکات دەنۆڕمە شینایی**
**گژو گیا ختوکەی پشتم دەدەن**
**شەونمی بەهارم لێدەنیشێت**
**بۆنی رێواس لوتم پڕدەکات**
**کراسەکەم دەکەمەوە و**
**سنکم هەتاوی لێدەرژێت**
**لەناکاو بزەیەك لێوانم دەجوڵێنێت و**
**چاو لێك دەنێنم و دەڵێم:**
**چ جادوویەکی سەیری**
**ئەی سروشت..؟!**

**١٠**

**هیچ شتێك ناتوانێت هێندەی ئاوازێکی قالە مەڕە**
**ئینجانە، ماسی، مناڵی ناو وێنەی ژوورەکەم**
**بهێنێتە سەما !**

Dastan.barzan@gmail.com





(گەشتەچیرۆك)

# دەروێشی هاوڕێم

## گەشتێك بەرەو رابوردوو، روانینێك بەرەو نادیار

د. ئەمین موتابچی

**ماملاستا دوکتۆر ئەمین موتابچی گەورەیی و خۆشەویستییەکی زۆری نواند کاتێك داوای لێکردم هەم چاوێك بە تێکستەکەیدا بگێڕم و لە رووی رێنووس و رێزمانەوە ئەگەر گۆڕینێکی پێویست بێت بیکەم، هەمیش پێشەکییەکی بۆ بنووسم.**

**لەسەرەتای حەفتاکاندا کە لەبەشی کوردیی زانکۆی بەغدا دەمخوێند، دوکتۆر موتابچی مامۆستای زمان و ئەدەبی فارسیمان بوو. من زۆرم حەز دەکرد زمانەکە زوو فێر بم، بەڵام بەداخەوە دەرسەکان ئەوەندە کەم بوون بەشی ئەوەیان نەدەکرد خوێندکار فارسییەکی باش فێر ببێت. بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥، من خوێندن و زانکۆم بە جێهێشت و بووم بە پێشمەرگە. کە هەرەس روویداو گەڕامەوە بۆ زانکۆ، بەو ساڵەی پێشمەرگایەتی فارسییەکەم تا رادەیەکی باش پێشکەوتبوو. ئەو مانگ و نیوەی ساڵی خوێندن کە مابوو، بە دڵگەرمییەوە دەچوومە دەرسی فارسی و هەوڵیشمدەدا کتێبی فارسی لە مامۆستا و لە خەڵکی دیکەیش وەربگرم و بیانخوێنمەوە. هەریەك دوو مانگێك دواتر، بە هۆی خەباتی سیاسییەوە، ناچار بووم ماوەیەك لە بەغدا خۆم بشارمەوە و دواتر بە پێ، لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەدا، وڵات بە جێبهێڵین. ئیتر لەوساوە و تا ئێستاش مامۆستام نەبینیوەتەوە.**

**پاییزی ٢٠٠٧ چووم بۆ لەندەن بۆ سەردانی دۆستی بەڕێزو خۆشەویستم دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد. بە هۆی ئەوەوە زانیم کە مامۆستا موتابچی ساڵانێکە لە لەندەن**

**دەژی. ئەو ڕۆژەی میوانی ماڵی مامۆستا کەمال مەزهەر بووم، دوکتۆر موتابچی تەلەفۆنی کرد و قسەمانکرد، کەچی ڕێکنەکەوت چاومان بە یەکدی بکەوێت. بەڵام لە دوای ئەوەوە زوو زوو بە تەلەفۆن یەکتر بەسەر دەکەینەوە.**

**ئەم تێکستەی مامۆستا، کۆکردنەوەی دوو ژانری چیرۆك و گەشتنامەیە و من ناوی گەشتەچیرۆکم لێناوە. لە ئینگلیزیدا تێرمی (Travelogue) بۆ ئەم بابەتانە بە کار دەبەن، ئەگەرچی ئەم تێکستەی مامۆستا لایەنە ئەدەبییەکەی چڕتر و خەیاڵاویترە. زۆرم پێخۆش بوو کە مامۆستا موتابچی لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا، لەم دووره وڵاتییەوە، بەو شێوە گەرموگوڕە بیر لە نیشتمان و لە نەتەوەکەی خۆیدەکاتەوە و دەیەوێت بە نووسین و بە وشە لە کەرنەڤاڵی داهاتوویەکی نادیاردا بەشداریبکات. بە هیوای دواڕۆژێکی ڕەنگدارتر بۆ نیشتمان و تەمەنێکی درێژ و بەختەوەریش بۆ مامۆستا ئەمین موتابچی.**

**فەرهاد شاکەلی**

**ستۆکهۆڵم، ٢٩/٧/٢٠٠٩**

لەو ڕۆژەوە هاتووەتە ئەم وڵاتە، هەموو ڕۆژێ، هەر وەك چۆن جاران کە لە وڵاتی خۆیدا بوو، ئێستاش هەر بەوجۆرە بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستێت، دوای دەموچاو شۆردن، بەرچایی ئامادە دەکات و شتێك دەخوات و ئەوجا جلی دەرەوە دەپۆشێت و دەچێتە دەرەوە. ڕوو دەکاتە ئەو قاوەخانەیەی کە لە ماڵەکەیانەوە زۆر دوور نییە و لەگەڵ خۆشیدا ئەو کتێبەی دەیەوێت بیخوێنێتەوە و چەند تەبەقێك کاغەز هەڵدەگرێت و خۆیدەکات بە ژووردا. ئەمەی لا بووبوو بە خوویەك، حەزیدەکرد هەمیشە لەو شوێنەی کە یەکەمجار هەڵیبژاردبوو، هەر لەوێ دابنیشێت، چونکە جێگاکەی لای ئەو جامخانەیەدا بوو کە بەردەمی قاوەخانەکەی بە شووشە پێداخرابوو. شۆستە و پیادەڕۆ و جادەکەی لە بەردەمدا بوو. جاروبار پێش هاتنی ئەو جێگاکەی دەگیرا. ناچار لە شوێنێکی دیکەدا دادەنیشت و هەر چاوەچاوی بوو جێگاکەی خۆی بۆ چۆڵ ببێت. هەر کە ئەوانەی لە جێگاکەی دانیشتبوون هەڵدەستان، ئەم یەکسەر بە پەلەپەل خۆی دەکوتا و لەوێ دادەنیشت.

لەسەرەتای هاتنیدا بۆ ئەم وڵاتە بێگانەیە، زۆر سەرسام و بێتاقەت بوو. کە تەماشای خەڵکەکەی دەکرد، چ لەسەر شەقامەکان و چ لە قاوەخانەکە، هەموو پۆشتە و پەرداخ، ڕووخۆش و دەمبەپێکەنین بوون. زۆربەی ئەوانەی دەهاتنە قاوەخانەکە ژن بوون. زۆریان بە عارەبانەی منداڵە جوانەکانیانەوە دەهاتن. منداڵەکانیان هەتا بڵێی ئێسکسووك و خۆشەویست بوون. ئەو منداڵی بچووکی زۆر خۆشدەویست، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی هێشتا پێیان نەگرتووە، چونکە ناعالی ناکەن و پاڵ بە کتێب و قەڵەمی باوکیانەوە، کە لەسەر مێزی کارکردنەکانیان دایاندەنێن، نانێن... دڵی بە سەیرکردنیان دەکرایەوە و



هاوکاتیش خەم و پەژارە دایدەگرت، کە بیری دەکەوتەوە منداڵانی وڵاتەکەی خۆی، لەو ناز و خۆشییەدا نین. هەتا ئاوی پاکیان بۆ پەیدا دەکەن شیریان نامێنێت. شیر هەبێت، شەکریان نییە.

دایکەکان کە دەیانزانی ئەو منداڵی وای خۆشدەوێ، هەموو جارێك کە دەهاتنە قاوەخانەکەوە و ئەویان دەبینی وەك هەموو جارێك هەر لە شوێنەکەی خۆیدا دانیشتووە، عارەبانەکەیان دەهێنایە بەردەمی بۆ ئەوەی سەیریان بکات. ئەوانەی لە قاوەخانەکەدا خزمەتی خەڵکەکەیان دەکرد، زۆربەیان خەڵکی ئەو وڵاتە نەبوون. زۆربەیان لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و کۆریا و فیلیپپینەوە، بە دوای ناندا هاتبوون. لە دڵی خۆیدا دەیوت: خوایە، نازانم بۆچی دەبێت ئەوان خزمەتی ئەمان بکەن، کە هیچ لەمان کەمتر نین؟ زۆر بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە، بەڵام وا دیاربوو ئەوان خۆیان دڵخۆشبوون کە لەم وڵاتە کاریان دەستکەوتووە و پارەی ئێرە لە پارەی خۆیان بەنرخترە. شارەکەشی شارێکی خۆشبوو. ئەم کرێکارانە وردەوردە بوون بە دۆستی. ئیتر ئەو وەك خەڵکەکەیتر ڕێزی نەدەگرت. هەر کە دەچووە قاوەخانەکەوە، پارەکەی لەسەر کاونتەرەکە دادەنا و ئەوانیش دەیانزانی ئەو هەر یەك فنجان قاوە و پەرداخێك ئاوی دەوێت، بۆیاندەهێنا. ئەم دڵسۆزییەی کرێکارەکان ڕەنگە جۆرێك بەزەیی بووبێت، یا خۆشەویستییەکی پاك بەرانبەر کەسێك کە وەك باوکیان بێت.

ڕۆژێك دانیشتبوو سەیری دەرەوەی دەکرد، ئەم هەموو ئۆتۆمبێل و ئەم هەموو خەڵکە بە جلی ئاڵوواڵاوە. ژنەکان زۆربەیان بە عارەبانەی منداڵەکانیانەوە و پڕیشیان کردبوو لەو شتانەی لە فرۆشگا کڕیبوویان. پیاوەکانیش، تەنانەت پیرەکانیش، هەندێك تەنیا و هەندێکیشیان قۆڵیان لە قۆڵی ژنەکانیاندا بوو. ئەم یەکسەر وڵاتەکەی خۆی بیر کەوتەوە. زۆر خەفەتی دەخوارد. بۆچی ئەوانیش وا نەبن؟ لە دڵی خۆیدا دەیوت تاوانی ئەمانە. ئەو خەتای باووباپیرانیان بوو. ئەوان بوون کە ماڵی ئێمەیان وێرانکرد و لەبەر خاتری دەستکەوتی ئابووریی خۆیان، لەبەر ئەوەی ئێمە نەوتمان هەبوو، وڵاتەکەی ئێمەیان وەك حەڵوای خێر بەسەر چوار گورگی خوێنخۆردا دابەشکرد، بەڵام ئەمانەی ئێستا، واتە نەوەکانیان، لەگەڵ پەنابەراندا خراپ نین، خانوویان دەدەنێ، پارە و بژێو و داوودەرمان و شتی تریشیان دەدەنێ. خۆی بەڕاستی لە هەموو دنیادا ڕێژێمەکانن کە خراپن و خراپەکاری دەکەن و میللەت دەکەن بە مەقاش و ئاگری پێهەڵدەگرن...

ئەوانەی دەهاتنە قاوەخانەکەوە، چونکە هەموو ڕۆژێك ئەویان دەبینی لەو شوێنەدا دانیشتووە، یا دەخوێنێتەوە یا دەنووسێت، بووبوون بە ئاشنای، زۆربەیان، چ ژن چ پیاو، سڵاویان لێدەکردو بە ڕوویەکی خۆشەوە تەماشایاندەکرد و ئەگەر وا ڕێکبکەوتایە یەکێکیان لە نزیکی دابنیشتایە و پرسیارێکی لێبکردایە، ئەم بە هەلی دەزانی باسی کوردی بەشخوراو و داگیرکراوی بۆ بکات. کە نەورۆز دەهات، هەم بۆ مەلبەندی تەندروستییەکە، کە بۆ داوودەرمان زۆرجار سەری ئەوێی دەدا و هەم بۆ قاوەخانەکەیش،

پاکەتە شیرینیی بە دیاری دەبرد و لێی دەنووسی ئەمە دیاریی ساڵی تازەی کوردە.
گەورە و منداڵ و ساوایان پاکو تەمیزن، ئەوانە نەبێت کە یا شێتن یا تلیاکێش. بیری لەوە دەکردەوە کە لای خۆیان، لەزۆر شوێن و شارۆچکەی وڵات ئاوی پاک نییە، نەك بۆ خۆشۆردن، بەڵکو بۆ خواردنەوەش. سابوونیش هەر وەها، دەستکەوتنی ئاسان نەبوو، لەبەر گرانی یا لەبەر نەبوونی پارە و پوول. راستە خەڵکی دەوڵەمەندیش هەن، نەك هەر گەرماو و خۆشۆردن، بەڵکە مەلەوانگایشیان لە ماڵدا هەیە.زۆربەی بازرگانەکان لەسەر حیسابی هەژار و دەستکورتەکان دەوڵەمەند بووبوون و دەبوون.
ئەوانەی لێرە خەریکی خزمەت بوون، وەك منداڵی خۆی وا بوون. لەبەر ئەوەی ئەم پیربوو، لەوانەیە بەزەییان پێدا هاتبێتەوە. بێجگە لەوەیش دەیانزانی غەریبە. یەکێك لە ئیشکەرەکان خەڵکی یەکێك لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات بوو، کە جاران سۆسیالیست بوو. دەتوت گوڵاڵەیە، باڵابەرزو پێستپەمەیی و چاوگەش، دڵی شێخی خانەقایشی رادەکێشا. لێی پرسی شووتکردووە، وتی: نەخێر، بەڵام هاوڕێم هەیە. ئەویش هەر خەڵکی شارەکەی خۆمە... پارە کۆدەکەینەوە، ئەوسا ژیانی هاوسەری پێکدەهێنین. زۆری پێخۆشبوو. لەم وڵاتانەدا کچ و کوڕ کە یەکتریان خۆشویست، لەپێشدا بۆ ماوەیەك وەك هاوڕێ بەیەکەوە دەژین. کە بە تەواوی لە یەکگەیشتن و هەردوویان لە یەکتر رازی بوون، بە رەسمی دەبنە هاوسەر. ئەو رۆژانەی کە هەردووکیان پشوویان هەبوو، دەهاتنە قاوەخانەکە بۆ خواردنی بەرچایی. کچە خۆی لە تەل دەدا، دەتوت گوڵەباخە، چ لەجوانی و چ لەپەرداخت وبۆنخۆشیدا. وات دەزانی کچەجافە و تازە لە بەردەم ماڵی زاوادا دابەزیوە. دوای سەعاتێك دەرۆیشتن بۆ کەیف و گەڕان. زۆرجار دەهاتن خواحافیزییان لێدەکرد. ئەم لەو کاتەدا وڵات و شارو گەنجانی خۆیانی دەهاتەوە بەرچاو. شتی وا هەر نییە کە کچ و کوڕ بتوانن بێترس دڵداری بکەن، تەنانەت ئەگەر دایك و باوکیش پێی بزانن. کچی بەستەزمان، ئەگەر نەکوژرێت، ئەوا دەیدەن بە خزمێك یا کەسێکی دی کە بە هیچ جۆرێك نایەوێت و خۆشیناوێت. زۆرجاریش وا روودەدات کە کچە خۆی دەسووتێنێت، یا بە جۆرێك خۆی لە ناو دەبات. دڵی دەگیرا و خەفەت دایدەگرت، دەیوت بۆچی دەبێ هەموو شتێك لەلای ئەوان، لەو رۆژهەڵاتە و لەکوردستان، واژگوون بێت و سەرەوژێر بێت. هەرچەندە بیری لێدەکردەوە دوو هۆی بە بیردا دەهاتن، ئایین و نیزامی پیاوسالاری. راستە ئێرەیش بەو خولەدا رۆیشتووە، بەڵام ئەوە زۆر کۆنە، سەد، سەدوپەنجا ساڵێ لەمەوبەر بووە.

ئەوە بۆ چوار پێنج ساڵ دەچێت، هەموو کاتێك شارەکەی خۆی لە بەرچاوە، ئەگەرچی خەریکە وردەوردە لێرەیش رادێت. شارەکەی خۆی، بازاڕ، مزگەوتەکان، مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ، گەڕەکی خۆیان... بەر سەرقەبران، ئەرخەوانەکان، کارێزی وەستا شەریف، گردی مامەیارە و مەرقەدی پیرەمێرد. نەورۆز... رێگای کانیبا و گەلێك شوێنی تری شار



و گەڕەکەکەی. وەختەبوو سوێی بێتەوە بۆ ئەوەی پێش مردن جارێکیتر وڵات ببینێت و بە شارو گەڕەك و خزم و هاوڕێ و دراوسێکانی شاد ببێتەوە.
وردەوردە سەروچاوی لەگەڵ هاوڕێیەکی خەڵکی شارەکەی خۆیداکرایەوە. ئەو دەمێك بوو لەوێ دەژیا. پێکەوە چوون بۆ ناوشار، بەڵام ناوشاری چی؟ دەتوت رۆژی قیامەتە، لەبەر قەرەباڵغی کچ و کوڕ، ژن و پیاو، پیر و لاو. حەشاماتێکی تەواو، قاوەخانەکان، چێشتخانەکان، فرۆشگاکان، دوکانەکان، هەموی جمەی دەهات. لەپڕ گەیشتنە شوێنێك، پۆلیس وەستابوون، جادەکەیان گرتبوو، بۆ ئەوەی خەڵکی ئاسایی لێوەی نەڕوات، چونکە لەسەر ئەو جادەیە خۆپێشاندان هەیە. خۆپێشاندان بریتی بوو لە جەماوەرێکی زۆری فرەنەتەوە، چونکە بە دەموچاویانا دیار بوو، ئینگلیز، رووس، کورد، عەرەب، تورك، ئێرانی، هیندی، پاکستانی و زۆریتر. دروشمیان ئەوە بوو، نارەزا بوون و قسەیان بە حوکمەت دەوت. ئەویش دەربارەی ئەوەبوو کە نابێت حوکمەت رێگابدا بە هیچ حوکمەتێك زوڵم لەمیللەتەکەی خۆیبکات، نابێت چەکی پێبفرۆشێت و قەتڵوعامی میللەتی پێبکات، چونکە لەعیراقدا دیکتاتۆرەکە خەڵکەکەی دیل کردووە، بەتایبەت خەڵکی کوردستان، یا حەپس، یا ئیعدام یا رووخاندنی خانووبەرە بەسەریاندا. هەروەها لەئێران، لە سووریا، لە تورکیا، لە سوودان و لەزۆر شوێنی دیکەی ئەم دنیایەدا هەروایە. کەچی لێرە پۆلیس ئاگای لێیانبوو، دەیپاراستن، بۆ ئەوەی شتێکی خراپ روو نەدات. سەیرە لەوڵاتەکەی ئەودا ئەگەر شتی وا بکرایە هەموویانیان قەڵاچۆ دەکرد. مەگەر کاتی خۆی، لە شەشی ئەیلوولدا، وا نەبوو؟ ئەوە یەکەم خۆپێشاندان بوو دژی حوکمەتی عیراق لەو رۆژەوەی ئەو حکومەتە بە زۆر دامەزرێنرا و سەپێنرا. ئەو کاتە حکومەتی عەرەب و ئینگلیز هەموویانی دایە بەر شەستتیر و گوللە. بۆ نەگبەتیی ئەمان، ئەو کاتە ئینگلیز ئاوا بوو.
ژیانی ئەم ئاوا بوو. لەگەڵ خێزانەکەیدا دەژیا و منداڵەکانیشی لێیەوە دوورنەبوون. خوا کردی ئاواتی هاتە دی و پاسپۆرتی وەرگرت. خۆشترین کات بوو کە پاسپۆرتەکەی وەرگرت، چونکە ئیتر دەیتوانی بێترس سەفەر بکات و بچێت وڵاتەکەی خۆی ببینێت و سەر لەشارە شیرینەکەی خۆی بداتەوە.
خۆی حازرکرد. خۆش ئەوە بوو کە رژێم رووخابوو. سەفەر بۆ بەغدا زەحمەت بوو لەبەر ئاڵۆزیی شارەکە، بەڵام بەرەو کوردستان ئاسانبوو بۆی. بە کەمێك پارە هەندێك دیاریی کڕی. رۆژی دیاریکراو، بە فڕۆکە، بەرەو وڵات کەوتەرێ. کە گەیشتە شارەکەی خۆی وەختە بوو لەخۆشیدا شامەرگ ببێت. خوا ئەو خوایەیە ئێستا لە شارەکەیدا فڕۆکەخانە هەیە. بە دڵێکی پڕ لەئاوات و خۆشییەوە دابەزی و بەرەو ماڵی کاکی کەوتە رێ. لە رێگا ئەو جادەیەی کە پێدا دەرۆیشت، تازە بوو. زەمانێك کە ئەو بۆ دواجار شاری بە جێهێشتبوو، ئەو جادەیە وا نەبوو. سەیریکرد باڵەخانەی بەرز بەرز و خانووی تازە و چێشتخانە و قاوەخانە و هۆتێلی جوان جوان لەمبەر و لەوبەری جادەکە هەن. بەڵام

که لای کردەوە بۆ لای جادەکەی که دەچووە نزیك ماڵی کاکی، خانووەکان وا نەبوون، ئەگەرچی بە بەرد و خشتی سوور دروستکرابوون. کات عەسر بوو، ماندوو بوو، نەیتوانی بچێتە دەرێ و سەری ناوشار و بازاڕ و گەڕەکەکەی خۆیانبدات. شەوێك ئامۆزا و پوورزاکانی که هەموو لاو بوون، هاتن بۆ بەخێرهاتنی.
هەواڵی هەر کەسێکی دەپرسی که لە خۆی گەورەتر بوو، یا هاوتەمەنی خۆی بوو، دەیانوت کۆچی دواییی کردووە. ئەو وای دەزانی که ئەگەر هات و ڕۆژێك لە ڕۆژان چووە شار و گەڕەکەکەی خۆی هەموو ئەو کەسانەی که دەیناسین یا خزم بوون یا هاوڕێ، هەموویان دەبینێت. بۆ بەیانی زوو دوای بەرچایی، هاتە دەرێ و بەرەو بازاڕ کەوتە ڕێ. که خۆی کرد بە بازارە ئەسڵییەکەی شاردا، سەری سوورما. شان شانی دەسوی. لەبەر قەڵەباڵغی جێگا نەماوە. هەمووی کراوە بە دوکان، تەنانەت بەرحەوزەکەی ناو بازاڕ که ئاوێکی جوانی هەبوو، دوو درەختی لێبوو، ئەویش کراوە بە دوکان. که بە ناو بازارەکەدا دەهات، یەکێکی نەبینی که بیناسێت. هەموویان بە لای ئەوەوە غەریب بوون. کورد بوون، بەڵام خەڵکی ئەوێ نەبوون و ئەم نەیدەناسین. بەرەو دوکانەکەی جارانی باوکی که لەدواییدا مامی لەسەری بوو، ڕۆیشت. تەماشای هاوسێ دوکانەکانی کرد، کەسیان نەمابوون. تەنیا دوکانی زەرنگەرەکە مابوو، که هی حاجی ئەورەحمانی حاجی فەتحوڵڵا بوو، دراوسێی کۆنی گەڕەکی خۆیانبوو. ئەو لە تەمەندا لەم بچووکتر بوو. لە دڵی خۆیدا سوپاسی خودایکرد که یەکێکی لە دراوسێ و نزیکەکانی دۆزییەوە. تۆزێك لایان دانیشت. ئەوانیش زۆریان پێخۆشبوو. تەنانەت زۆریان لێکرد که دەبێت ڕۆژێك بۆ نانی نیوەڕۆ لەگەڵیانا بێت. لەوێ هەڵستا و کەوتە ڕێ.
بازاڕ زۆر بێ ڕێوشوێن بوو. شت لە جێی خۆیدا نەبوو. هەموو دوکاندارێك بەردەم دوکانەکەی خۆی داگیرکردووە و سەرجادەی بازارەکە گیراوە. کەس ناتوانێ بەسەر شۆستەکاندا، بەسەر وشکەسییەکاندا بڕوات. بەرەو گەڕەکە کۆنەکەی خۆیان کەوتەوە ڕێ. هێشتا لە بازاڕ و دەوروپشتی تێپەڕ نەبووبوو، که بە لای کەبابخانەکاندا تێپەڕی. بۆن و دووکەڵی کەباب ئارەزووی کەبابخواردنی لای بزواند. مەگەر پیرەمێردی شاعیر ئەوەندەی ئەم حەزی لە کەباب بووبێت. خۆیکرد بە کەبابخانەکەی کاك عومەردا، کەبابی باشی هەیە. تێر نان و کەبابی خوارد. ئەوجا کەوتەوە ڕێ بەرەو گەڕەکی خۆیان. هەر که لەبازاڕ ترازا و کەوتە ناو کۆڵانەکانەوە سەیریکرد خانووە کۆنەکان هەموویان داتەپیون، تەنانەت گوێسوانەکانیش دارماون، بە کەڵکی چۆلەکە و تەیرەن ئەبابیلەیش نایەن که لانەی خۆیانی تێدا دابمەزرێنن. دەرگای خانووەکان شەقوشڕ بوون و زۆربەی کۆڵانەکان نە کۆنکرێت کراون و نە قیرتاو.
که گەیشتە نزیك ماڵە کۆنەکەی خۆیان، سەیریکرد ئەوانەی ئەو بە تەما بوو بیانبینێت، هیچیان نەماون یا لەوێ نین. تەنانەت هاوڕێ و هاوتەمەنەکانیشی. خۆیکرد بە مزگەوتەکەدا، مزگەوتی شێخ بابەعەلی. ئەمە مزگەوتی گەڕەکەکەی خۆیانبوو، که بە





گەڕەکی سەرچیمەن بەناوبانگە، ئەویش گۆڕاوەو ئەو حەوزە گەورە جوانەی که ئاوەکەی دەتوت چاوی قرژاڵە سەری گیراوە و بەلووعەی بۆ دانراوە بۆ دەستنوێژ. جاران باخی هەبوو، ئێستا نەماوە. مزگەوتەکە نوێکراوەتەوە. ئەمە سێیەمین جارە دەبینێت ئەم مزگەوتە تازە دەکرێتەوە، بەڵام هەر مزگەوتە کۆنەکەی جارانە که ساڵانی ١٩٣٥ بینیبووی. دەتوت خانەقاکانی زەمانی ئەبوسەعید ئەبولخەیرە، یا خانەقاکانی زەمانی مەولانا خالیدە. سەیر ئەوە بوو منارەیان بۆ دروستکردبوو. جاران هەر مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ منارەی هەبوو. مزگەوتەکە ئەو تام و سامەی زەمانی لاویی ئەوی نەمابوو، چونکە ئەو لەو مزگەوتەدا لە پشووی هاویناندا فارسی و عەرەبیی دەخوێند، هەروەها لە مزگەوتی هەمزاغای نزیك قەلەندەرخانەکەی پیرەمێردیش. ئەو چەند دوکانەی که هەبوون گۆڕابوون. کەسی نەدەناسی. خوا کردی لەپڕ چاوی بە هاوڕێیەکی زەمانی منداڵیی گەڕەکەکەی خۆیانکەوت. ماڵیان لە کۆڵانەکەی بەرامبەر کۆڵانەکەی ئەماندا بوو. ئەویش وەك ئەم حەپەساو و پەشۆکابوو. وتی برا گیان، چییە کەس نەماوە بیانناسین. وتی قەت دەنگ مەکە. دەڵێی چی بچین سەرێکی سەرقەبران و شوێنی تۆپتۆپێنەکەی جارانمان بدەین. هێشتا لە کۆڵانی گەڕەکی خۆیان دەرنەچووبوون پیرەژنێکی سەرسپیی نوورانییان دی. که سەیریکرد ناسییەوە و چوو بە لایەوە و پێیوت:
ـــ باجی من ناناسیتەوە؟ من (.....)م.
هەر که وایوت و سەیریکرد، باوەشی پێداکرد و دەستیکرد بە ماچکردنی. ئەمیش دەستی ماچکرد. ئەوسا باجی چەند ساڵێك لەوان گەورەتربوو.
ـــ ئەمیش (.....)ی هاوڕێمانە.
ـــ ئای بە قوربانی بم. هاوڕێکانتان نەماون. یا لە جەنگی ئەو پیاوکوژەدا شەهید کران، یا لە شاخ یا لە بەندیخانە، یا لەم گەڕەکە نەماون و چوونەتە قەراخ شار.
ـــ باجی، هەواڵی (.....) دەزانی؟
ـــ ئای ڕۆڵە گیان، شوکر ماوە. دەزانی ئەو حەزی لە کچەکەی مامە (.....) دەکرد. کچەکەیش حەزی لەودەکرد. هەردووکیان وەك شیرین و فەرهاد وا بوون لە دڵدارییە پاکەکەیاندا، یا بڵێم وەك یوسف و زولەیخا. بەڵام ئەو کچە جوانە بەحورمەتە، بە سوێوە سەری نایەوە، کەسووکار نەیاندا بە هاوڕێکەتان، چونکە نەگەیشتبوو بە نانی خۆی، کچەیان بە زۆر دا بە ئامۆزایەکی بەدفەساڵ و بێفەڕ و ناجسن، تەنانەت نەیاندەهێشت بە هیچ جۆرێك یەکدی ببینن، ئەگەرچی خزمایەتیشیان هەبوو. ئەوە بوو لە دواییدا کچە بە نەخۆشیی سیل جوانەمەرگ بوو، هاوڕێکەیشتان هەرچەندە خوێندنی تەواوکردبوو، بووبوو بە مامۆستا، بەڵام دوای کۆچی خۆشەویستەکەی تەرکی دنیایکرد و چووەتە خانەقاکەی حاجی مەلا عەلی، که خزمایەتیی لەگەڵیاندا هەیە. ئێستا وەك سۆفییەکی نەقشبەندی خزمەتی خانەقا دەکات و بە پارەی تەقاعودییەکە دەژی. خوا ئاگای لێبێت، هەموو ڕۆژێکی هەینی که دەچێت بۆ زیارەتی گڵکۆی خۆشەویستەکەی، دێت

سەرمەدەدا و دەڵێت باجی هەر تۆ ماوی کە دڵم پێی بکرێتەوە.
کە ئەمەی بیست خۆی و هاورێکەی لە جێی خۆیان وشکبوون، فرمێسك بە چاویانا دەهاتە خوارێ. خواحافیزییان لە باجی کرد و بەرەو دەشتی سەرقەبران کەوتنە رێ. کە گەیشتنە ئەو شوێنەی کە بە حیساب جێی تۆپتۆپێنیان بوو، تەماشایانکرد هەمووی کراوە بە خانوو، تەنانەت خانوو گەیشتووەتە بەر سەرقەبران و شیوەکەی سەرقەبران داپۆشراوە. وردەوردە چوونە سەرقەبرانی گردی سەیوان. قەبرستانی تایەفەکەیان نزیك گومەزەکەی شێخ مارف بوو. لە راستیدا ئەو گومەزە هی بابانەکانە و پاشای بابانەکانی تێدا نێژراوە. شێخ مارف لە دەرەوەی گومەزەکەیە.
فاتیحایان خوێند و تۆزێ بەو ناوەدا گەڕان، یادی ئەو ساڵانەیان دەکردەوە کە دەهاتنە ئێرە بۆ سەعیکردن. سەیریانکرد خانووبەرە گەیشتووەتە ئەودیو سەرقەبران و ئەودیو گردی شێخە بچکۆلە، گەیشتووەتە گردەکانی زێڕینجۆ. تەنانەت قڕگە بووەتە گەڕەکێکی سلێمانی.
ــ برا گیان، ئیمڕۆ ماندوو بووین، با بەرەو ماڵەوە بگەڕێینەوە. سبەینێ دەچینە کارێزی وەستا شەریف.
کە گەیشتنەوە گەڕەکی خۆیان خواحافیزییان لە یەك کرد و ئەم بەرەو ماڵی کاکی و ئەو بەرەو ماڵی خانەخوێکەی کەوتنە رێ. لە رێگا ئەم بە لای چایخانەکەی جارانی حەمەرەقدا تێپەڕی، تەماشایکرد چایخانەی چی؟ ئەو ناوە هەمووی بووە بە دوکان و چێشتخانە و نانەواخانە، شان لەشان دەسوێ. زۆر شت گۆڕاوە.
شەوێ لەسەر جێگاکەی ئەوەی ئەمڕۆ دیبووی و بیستبووی وەك شریتی سینەما دەهاتەوە بەرچاوی. ئەو هاورێیەی کەوا تەرکی دنیایکردووە، چونکە بێبەشیان کردبوو لەو دڵدارییە پاك و بێگەردە. ئەو کچە جوانەی گەڕەکەکەیان کە هەتا بڵێی نازەنین و بەڕێز بوو، دووەم زینی کوردبوو، بە خۆڕایی تووشی سیل بیێ و جوانەمەرگ ببێت. شەوێ هەر خەوی بەو شتانەوە دەدی. لەبەر خۆیەوە دەیوت بە خودا دەبێت سبەینێ بچێتە خانەقا، بزانێت دەروێش لەوێ ماوە؟ تێر تێر باوەشی پێدا بکات، پێی بڵێت دەبێت مرۆڤ کاتێك ناخۆشی رووی تێکرد، شانی بداتە بەر. راستە کێشەی ئەم شتێك نییە تازە چارە بکرێ، چونکە گوڵەکەی سیس بوو، هەڵوەری، جوانەمەرگ بوو. هەروەك وەیشوومەی خەزان گوڵی ژیانی خۆشەویستەکەی وشککرد، لەبەرئەوە دەیزانی ئەم قسانە هیچ سوودیان نابێت، تەنیا یەك قسە نەبێت، ئەویش ئەوەیە کە پێی بڵێت خۆڕاگر بێت، بە یادی ئەو دانیشتنانەی کە بە پاکی لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بە خاووخێزانەوە دەیکرد، چونکە گیانی خۆشەویستەکەی پێی ناخۆشە کە ئەو ئاوا خۆی بخاتە عەزابەوە. لەعنەت لە هەژاری، لە دەستکورتی، لە عەقڵ و بیروباوەڕی ئەوانەی نرخی خۆشەویستی و دڵداریی پاك نازانن. دوو خۆشەویست لەیەکدەکەن، بە هۆی نەریت و بیروباوەڕێ کە ژەنگی رۆژگار رزاندوویەتی.





بەیانی، هەروەکو رۆژانی رابوردوو دوای بەرچایی، بەرەو خانەقا کەوتە رێ تاکو هاورێ دەروێشەکەی ببینێت. کە چووە خانەقاکەوە، تەماشایکرد ئەوێیش گۆڕاوە، حەوزەکەی، باخە خۆشە پڕ تەرخوونەکەی، ئەو سەکۆیەی نزیك حوجرەی مامۆستا بوو، کە عەسرانی هاوین لەگەڵ چەند پیاوێکی ماقووڵی نزیك خانەقاکە دادەنیشتن و بە دەم چاخواردنەوەوە قسەی خۆشیاندەکرد، ئەوانە هیچیان بەوجۆرە نەماون. ئەو کە لەو شارە بوو، زۆرجار لە هاویندا عەسران دەچووە ئەوێ هەم بۆ زیارەتی مەرقەدەکان، هەم بۆ دانیشتن لەگەڵ مامۆستادا، چونکە ئەمیش خزمایەتییەکی نزیکی لەگەڵ خانەقادا هەبوو.
دوای زیارەتی مەرقەدەکان سەریکرد بە ژووری دەروێشی هاورێیدا، تەماشایکرد پیاوێکی سەروریش سپی، لەسەر دۆشەکێ دانیشتووە و خەریکی نووسینە. ئەو چەند ساڵێك لەم بچووکتر بوو، کەچی زۆر لەم پیرتر دیار بوو. هەتا بڵێی بە ئەدەب و قسەخۆش بوو. چووە پێشەوە و وتی کاکە (.....) نامناسی؟ کە سەری بەرز کردەوە و لێی وردبووەوە، لەپڕ هەڵسا و باوەشی پێداکرد، دەستیکرد بە ماچکردنی بە دەم گریانەوە.
ــ ئۆخەی نەمردم، شوکر وا دیم لە هاورێکانم یەکێکیان ماوە.
بە دەم گریانەوە یەکە یەکە ناوی هاورێکانیانی هێنا. زۆر بە سۆزەوە وتی دەزانی فلانی خزمی، کە خۆشەویستەکەی بوو، هەتا هەتایە، تا ئەو رۆژەی دەیخەنە گۆڕەوە و ئەو رۆژەی زیندوو دەبێتەوە، هەر بە یادی عەشقی ئەوەوە هەناسە دەدات و دڵی لێدەدات. وتی زوو کۆچیکرد. ئێستا زۆر لە رۆژانی هەینی دەچمە زیارەتی گڵکۆکەی و لەوێیشەوە زیارەتی باجی دەکەم. ئەمیش خۆی پێنەگیرا، دەستیکرد بە گریان. دانیشتن و دەروێش چای لێنا و دەستیانکرد بە دیشلەمە خواردنەوە و یادی جارانیان. ئەوەی باشبوو ئەم لەگەڵ خۆیدا پاکەتێ پاقلاوەی جوانی بۆ بردبوو. وتی دەزانی لەباوك و و مام و خزمان هیچیان نەماون. ئەوانەشی کە تۆزێ گەنجتر بوون، لەو گەڕەکە نەماونەتەوە. هەرچەند کە دەچمە لای باجی لەگەڕەکی خۆمان یادی هەمووتان دەکەینەوە. وتی توخوا داوایەکم هەیە قسەم مەشکێنە. خوشترین کات لە ژیانمدا، بڕوا بکە، ئا ئەم سەعاتەیە کە بە تۆ شاد بووم. ئەمشەو لام بمێنەوە، با لە یەکتر تێربین و خەفەت بە با بدەین و دەردەدڵی خۆمان بکەین. ئەمیش هەرچەند لێکی دایەوە، نەیدەتوانی دڵی بشکێنێت، وتی باشە. باشبوو ئەم لەگەڵ پاقلاوەکەدا دوو نەفەر نان و کەبابی هێنابوو. وتی من رازیم بە مەرجێك تۆیش بە قسەم بکەی سبەینێ دەمی عەسر لەگەڵ (.....)ی هاورێی هەردووکماندا بە تەدارەکی جارانمان دەچینە کارێزی وەستا شەریف و چەند ساتێك بەرامبەر مامەیارە و پیرەمێرد سەری خۆمان گەرم دەکەین. وتی مادام بە قسەتکردم کەوا ئەمشەو لەلام دەبیت، منیش بە قسەتدەکەم بۆ سبەینێ.
شەوێ هەتا درەنگانێك بە دەم قسەو یادی جارانەوە کاتیان بردە سەر. وتی دەزانیت هاورێکانمان، ئەوانەی وازیان لەمەکتەب هێنابوو، کردنیان بە سەرباز، هەندێکیان لە

شەڕی ئێراندا شەهیدبوون، هەندێك لەشاخ، هێندێكیان لەبەندیخانەی دیكتاتۆری عیراق، ئەوانەشی كە ماون لەو گەڕەكە نەماون، یا لەدەشتی بەر سەرقەبران خانوویانكردووە، یان چوونەتە گەڕەكە تازەكانی شار. ئەم سەیریكرد دەفتەرێكی گەورەی لەلاوەیە.

ـــ ئەرێ دەروێش گیان ئەو دەفتەرە چییە؟

ـــ ڕۆمانێكە بە ناوی "ناكامیی دڵدارێك". بڕوا بكە هەمووی ڕاستە. هەر كاتێك پارەم بوو چاپی دەكەم و ئومێدەوارم بیبینیت. خۆت دەزانی لێرە سەر بە لایەك نەبیت كەس ناڵێت كەرت بە چەند، كەس ئاوڕت لێناداتەوە.

ـــ دەروێش گیان! تۆ لێرە چ كارێك ئەنجام دەدەیت؟

ـــ یارمەتیی مامۆستای خانەقاكە دەدەم لە زۆر كاروباردا. من نیسبەت بەم خانەقایە بێگانە نیم، منیش وەك تۆ خزمم.

ئەو شەوە وەكو هەموو شەوەكانی دی خۆشترین شەو بوو لای. بەیانی كە هەڵسا زووچووە دەرێ و نانی گەرم و قەیماغی كڕی و هێنایەوە، بە یەكەوە خواردیان. پێیوت كە ئەو دەڕوات بۆ ئەوەی كاكی دڵی هیچ نەكات، چونكە نەیزانیوە ئەمشەو لەكوێیە.

ـــ دوای نیوەڕۆ لەگەڕەكی خۆمان، لەمزگەوتەكەی شێخ بابەعەلی چاوەڕێت دەكەین لەگەڵ هاورێكەی ترمان.

خواحافیزیی لێكرد و هەردووكیان چاویان پڕبوو لەئاو. دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ چووە گەڕەكی خۆیان، لەگەڵ خۆیدا ئەو خواردنەوەیەی پێویستبوو، هەروەها لەگەڵ خەیار و تەماتە و سێ نەفەر نان و كەبابی بردو لەسەر سەكۆی مزگەوتەكە دانیشت. دوای نیوسەعات هاورێكەی هات، هەروەها هاورێ دەروێشیش گەیشت. بەرەو كارێزی وەستا شەریف كەوتنە ڕێ. تەری بەهاربوو، دنیا سەوزو پڕ لەگوڵاڵەو بەیبوون. كارێزەكە شوكر ئاوەكەی بووژابووەوە. سێ قۆڵی دانیشتن بەرامبەر گردی یارە، واتا بەرامبەر دوو پاڵەوان: یەكێكیان بە تۆپ، ئەوی دی بە قەڵەم، دوژمن كوژبوون. بە یادی جارانیان و بە یادی ئەو هاورێ پاك و ئازایانەیان كە زۆرجار بەیەكەوە ئا لەم شوێنەدا كۆڕی خواردنەوەیان دەبەست، سەرو قومیان لێدا. ئەم وتی: (براینە، وەك حافز دەڵێت، بە یادی ئەو هاورێیانەمان كە ئێستا لەژێر خاكدان، با سەرو قوم بڕێژینە سەر خاكەكەیان). شریتی پەنجا ساڵیان لێدایەوە كە پڕبوو لەخۆشی و هۆش و گەرمیی لاوی، بەڵام هەرسێكیان چاویان پڕبوو لەفرمێسك، چونكە ئەوانەی كە باسیاندەكردن لەژێر خاكدان و زۆربەیان شەهیدن. دنیا سەیرە. ئەوەی دەمێنێتەوە چاكی و پاكی و وەتەنپەروەرییە.

هاورێ دەروێش وتی: (براینە! بڕوا بكەن لەو ژیانە خۆشتر نییە كە دوای ناكامی تەركی دنیا بكەیت و لەگەڵ عەشقی حەقیقیدا، واتە عەشقی ئیلاهی، بژیی تاكو برینی عەشقی مەجازی سارێژ ببێت، چونكە ئەوەی هەر كەسێك دەیەوێت بۆ هەموو كەس نالوێ و نایەتە دی. خراپ زۆرن، هەن دنیایان داوە بە كۆڵیاندا، تەماشای گردی





سەیوان و مامەیارە ناكەن هەمووی پڕە لە گڵكۆی ئەوانەی وەك ئێمە حەزیان لەژیانبوو. زۆربەیان ئاواتیان بردە ژێر گڵ. برا! ئەمەی دەیڵێم ڕەشبینی نییە، خۆی واقیعەكە وایە. لەم وڵاتانەدا هیچ شتێك لەجێی خۆی نییە. هەرچەندە دەزانم دوور یا نزیك میللەت هەر دەبێت بە ئاواتی خۆی بگات. براینە، من دوای ئەو دڵدارییە پاكە، كە بڕوا ناكەم مەم و زین لە هی من و ئەو كچە پاكتر بووبێت یا یوسف و زولەیخا، بەڵام دەڵێی چی؟ عادەت و نەریت و دین هەموو شتێكی واژگوون كردووە.

چاوی پڕبوو لەگریان، فرمێسك بە ریشە سپییەكەیدا دەهاتە خوارێ. ئەوانیش چاویان پڕبوو لەفرمێسك چونكە خۆیان پێنەدەگیرا. وتیان برا گیان ئەوەی ڕۆیی ڕۆیی. بیر لەئێستا بكەرەوە. بیر لەدوێنێ مەكەرەوە. سەیری سبەنێیش مەكە. فرسەت لەئێستایە و بژی بە خۆشی. بەڵام دەروێش گیان تۆ حەقتە كە هەمیشە یادی خۆشەویستە جوانەمەرگەكەت بكەیتەوە. ئەویش پێی خۆش نیە تۆ ئازاری خۆت بدەی.

ڕۆژ لەئاوابووندا بوو، كە سەیری شاخی گۆیژە و سەرقەبران و گردەكانیان دەكرد دەدرەوشانەوە بە گوڵ و لالەی كێوی، سروودەكەی پیرەمێردیان هاتەوە یاد (شاخی ڕەنگاورەنگی گۆیژە...). بەو دەنگە ناسازەی هەرسێكیان سروودەكەیان دەوت. ئەم وتی: (براینە، ئێوارەیەكی زۆر خۆشبوو، ئومێدەوارم زوو زوو دووبارە ببێتەوە. دەروێش گیان! من و ئەم هاورێیەمان دوای هاوین دەمەدەمی پاییز دێینەوە بۆ زیارەتی وڵات. بێ سەردانی تۆ ناگەڕێینەوە. تۆیش ئاگات لە خۆتبێ. باشترین شت ئەوەیە بۆ مرۆڤ كە هەتا دەتوانێت غەم لە دڵی دەركات و ئاسوودە بێت. نووسین و خوێندنەوە باشترین دەرمانە. ئومێدەوارم ڕۆمانەكەت تەواو بكەیت، تا ببێ بە دەرسێ بۆ هەموو ئەو دایكوباوكانەی لە ڕووی نەفامییەوە دەبنە هۆی ناكامیی دڵداریی پاكی جگەرگۆشەكانیان.

هەڵسان و بەرەو گەڕەك كەوتنە ڕێ. پۆل پۆل ژن و پیاویان دەدی كە هاتبوونە قەراخ شار بۆ ئەو شوێنەی كە جاران سەدەكەیان پێدەوت، پێش كارێزی وەستا شەریف، چونكە جاران هەموو چوارشەمانێك لەبەهاردا دەهاتن پۆل پۆل دادەنیشتن پشت لە شارو ڕوو لەگۆیژە. هەروەها هێندێكیش لەجادەكانی كانی بادا. یادی پەنجا شەست ساڵیان كردەوە، بەڵام دەوروبەری هەمووی خانوو بوو، ڕەونەقی سەوزایی و بەهاری ونكردبوو، مەگەر ئەرخەوانەكان، كە سەركەش ماونەتەوە و تارای ئەرخەوانییان هەڵداوە. لەڕێگا چاویان بە سێ كەس كەوت لەمان گەورەتربوون. كە وردبوونەوە تومەز ئەوانە خەڵكی گەڕەكی خۆیان بوون. منداڵەكانیان پێگەیشتوون و هاتوون لەجێی تۆپێنەكەی جارانیان خانوویان دروستكردووە. كە باش وردبوونەوە، بە تەواوی زانییان ئەوە كوری وەستا فلانی دارتاش بوو، ئەوی دی دەلاكەكەی گەڕەكەكەیانە، ئەوی سێیەمیش یەكێك بوو لەكوڕەكانی مامۆستای مزگەوتی شێخ بابەعەلی، خوا لێی خۆشبێت. ڕێكەوتێكی خۆشبوو. ڕاوەستان و خۆیان پێشكەشكردن. مەگەر باوك و برا ئاوا باوەش بكەنەوە بۆ فرزەندانیان. ئەمانیش چونكە لەتەمەندا لەوان بچووكتر بوون دەستیان ماچكردن.

زۆریان پێخۆشبوو، وتیان لەگەڕەکەکە جگە لە باجی کەس نەماوە، یا مردوون، یا پەرەوازەی شاران و گەڕەکەکانی تربوون. یەکێکیان سوێندی خوارد، سوێندێکی زۆر قورس، کە دەبێت ئێوارە هەموویان لەماڵی ئەو بن بە یەکەوە خوا چییداوە بیخۆن. هەرچەندە هەوڵیاندا، سوودی نەبوو، نەیانتوانی لەوە زیاتر دڵیان بشکێنن، ناچار ئەمان سیان و ئەوان سیان، چوونە ماڵی کاکە (.....). خوا کردی خەسوو خۆشی دەویستن پلاو و بامیەی خۆماڵییان هەبوو. دانیشتن، خێزانەکەی و مناڵەکانی پێشوازییەکی گەرمیان لێکردن. کورە گەورەکەی وتی بابە ئەمانە کێن؟ وتی رۆڵە ئەوانە خزمن، لەخزم زیاترن. بۆی باسکردن. وەکو گوڵ گەشایەوە. خواردنێکی کوردانەی خۆشیان خوارد لەگەڵ دۆی کوڵکن. ئیتر هەرسێکیان باسی جارانی گەڕەکەکەیان دەکرد، دەیانوت خەڵکی ئەو گەڕەکە پیاوو ژن، وەك برا و خوشك وا بوون. شتی ناخۆش قەت روویندەداوە، ئەوە نەبێت کە کاکە (.....) کردی بەرامبەر ئەم دەروێشە. ئەو پێش ئەوە دەروێش نەبوو، خزمیان بوو، خوا حەقی بسێنێتت. ئێوارەیەکی خۆشبوو، هەروەك ئێوارانی شەست ساڵی لەمەوبەری شاری سلێمانی. درەنگانێك ماڵئاواییانکرد و هەریەك بەرەو شوێنی حەوانەوەی خۆی، لێك جیابوونەوە.

هاتەوە ماڵی کاکی. دوای پشوویەك رۆژنامەیەکی خوێندەوە، گەلێ شتی سەیری تێدابوو، شتی دڵتەزێن، شتی وا کە دەبووایە هەزار ساڵ لەمەوپێش رووی بدایە، ژنکوشتن، خۆسووتاندنی کچان، تەرمی گەنجێکی کوژراو لە دەشت فرێدراوە. هەروەها ئاگاداریی بازرگانی، سووتاندنی ئەو خۆراك و دەرمانانەی کە ماوەیان بە سەرچووە، کە بازرگانانی بێدین و بێویژدان دەیهێنن و دەیفرۆشن بە هاوولاتییان، شتی سەیر سەیر. دوای ئەوە چوو تۆزێك بنوێت، بەڵام ئەو شەوە هەر خەوی بە رووداوی دوێنێ و هاورێکان و ماڵی هاورێکەیان و خواردنەکەیانەوە دەبینی. ئەم زۆر نەوسنە. پیرەمێرد بەوە بەناوبانگە کە نەوسن بووە، بەڵام ئەم زۆر نەوسنترە.

بەیانی یەکێك لە ئامۆزاکانی تەلەفۆنی بۆ کرد و وتی ئەمجارە نابێت قسەمان بشکێنیت، شەوێك لەماڵی ئێمەی، هەموو ئامۆزاکان دێن. چارەی نەبوو، دەبوو قبووڵی بکات، چونکە ئامۆزا یەعنی برا، هەرچەندە جاری وا هەیە لەبەر تەماع و میرات دۆژمنایەتی دەکەوێتە نێوان ئامۆزای نەفامەوە.

ئێوارە چوو بۆ ماڵی ئامۆزاکەی، سەیریکرد هەموویان لەوێن، ژن و پیاو دانیشتوون، پیاوان بە جیا بۆ خواردنەوە. دانیشتنێکی زۆر خۆشبوو. زۆر قسەیان دەکرد لەبارەی جاران و گەڕەك و کەسوکار و دراوسێ و هاورێیانەوە. ئینجا هاتنەخوارەوە بۆ نانخواردن. سەروپێ و گیپەیەکیان لێنابوو مەگەر لەزەمانی بابانەکاندا لەسلێمانی شتی وا خورابێت. ئەم هەرچەندە نەخۆشیی شەکرەی هەیە، بەڵام بە دڵی خۆی تێروپڕی خوارد، چونکە کەباب، سەروپێ و گیپە هەبێت کەس خۆی بۆ ناگیرێت. شەوێکی خۆشبوو. شەوی واچۆن لەبیر دەچێتەوە؟ چونکە هەر وڵاتێك نەریت و عادەتی خۆی هەیە بۆ زۆر





شت، تەنانەت بۆ خواردنیش.

بەیانی کە هەڵسا، دوای بەرچایی، چونکە مەوعیدی هەبوو لەگەڵ هاورێکانیدا لەمزگەوتی شێخ بابەعەلی، چاوەرێی یەکتری بن لەسەعات دەی بەیانی، بەرەو گەڕەك کەوتە رێ. لەمزگەوتەکە هاورێکەی دی، دوای سەلام و هەواڵپرسین، هاورێکەی وتی:

ــ راستی پێرێ ئێوارە شەوەکەیشی لەخۆشیدا دانسقە بوو. ئێستا بەرنامەمان چییە؟

ــ لەهەمووی باشتر، هەڵسە ئێستا دەچین سێ نەفەر نان و کەباب دەبەین و بۆ نیوەرۆ دەچینە لای هاورێ دەروێش، بێ خواردنەوە، چونکە خۆت دەزانی خانەقا شوێنێکی پیرۆزە.

ــ زۆر باشە.

بە کەباب و میوەوە چوونە لای هاورێ دەروێش. زۆری پێخۆشبوو. دانیشتن و دەستکرا بە قسە و باسوخواس دەربارەی وڵات و بابەتی دڵداری و مافی ژنان و گەلێ شتی تریش.

دەروێش وتی:

ــ هەتا پیاوسالاری و درندەیی لەئارادا بێت، دڵداری قەت سەرناگرێت و ئەنجامی هەر ماڵوێرانی و مەرگ دەبێت.

ــ راست دەڵێیت. ئەمەش کاتی دەوێت. خۆراگرتن، خوێندەواری، ئامۆژگاریی راست، مەلای خوێندەوار و پاك و بەدین... ئەمانە میللەت پێشدەخەن و ئەوسا میللەتیش لەو شتانە دەگات و شتی نالەبار و دژی راستی و مرۆڤایەتی ناکات.

دانیشتنەکەیان زۆر خۆشبوو. دوای بیست سی ساڵێك، سێ هاورێیی گەڕەك کە هەمیشە بە یەکەوە بوون، ئاوا بە یەك شادبن و دەردەدڵی خۆیان بکەن، لە کوێیش؟ لەو خانەقا پیرۆزەدا.

نزیکی عەسربوو، وتیان کاکە دەورێش دەبێت برۆین، بەڵام داوامان ئەوەیە هەرگیز لەیادمان نەکەیت. سەبووری بدە بە خۆت! دوای خواحافیزی و یەکتری ماچکردن، هاورێ دەروێشیان بە دەم فرمێسك و هەنسکەوە بە جێهێشت. ئەم رووی تێکرد و وتی: لەبیرت نەچێت رۆمانەکەت تەواو بکەیت. ناو بنێ "گوڵەباخەکەم هەڵوەری"!

هەر یەکەیان بەرەو ماڵی خانەخوێکەیان بوونەوە، دوای تۆزێك پشوو، سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد، هەروا سەرسام بوو. هەمووی پڕبوو لە رووداوی دڵتەزێن، فلان کچ خۆی سووتاندووە، مەیتی فلانیان دۆزیوەتەوە، ئۆتۆمبیلێك لەرێگای مەسیف بە هۆی خێرا لێخورینەوە وەرگەراوە، لەناو شاردا ئۆتۆمبیلێك لەجۆرە هەرەگرانەکان کە بە دەست کوڕی بەرپرسێکەوە بووە و روخسەتی لێخورینیشی نەبووە، خۆیکردووە بە قاوەخانەیەکدا و چەند کەس کوژراو و چەند بریندارن. ئەی هاوار لەوڵاتانی ئەورووپا راستە شتی ناخۆش روودەدات، بەڵام لەشارێکی وەك هەولێر یا سلێمانی، دهۆك یا کەرکووك، کە هەر یەکەیان ئەوەندەی گەڕەکێکی ئەم شارە ئەورووپاییە نییە ئەمی لێدەژی، ئەوەندە شتی وا بۆ روو بدات؟ هەمووی لەبەر ئەوەیە خەڵکیش و کاربەدەستانیش پەیڕەویی

یاسا ناکەن.
دوو سێ ڕۆژی مابوو بۆ گەڕانەوەی خۆی و هاوڕێکەی. چوونە ناو بازاڕ و سەرجادە و ناوچە قەرەباڵغەکانی شار. تەماشایانکرد منداڵی بچووك، لەتەمەنی چواردە و پانزدە ساڵیدا، یان کەمتر، کاردەکەن، بۆیاغچی، یا لای فیتەر. ئەوانەی لای فیتەر کاریاندەکرد، دەتوت چۆلەکەن و بە باران تەڕ بوون، هەموو گیانیان لە ڕۆنی گریسدا غەرق بووە.
لە یەکێکان پرسی: ڕۆڵە تۆ بۆچی لێرە ئیش دەکەیت؟ حەز ناکەیت بچیتە مەکتەب؟ وتی: مامە گیان من باوکم مردووە، دایکم و دوو خوشکم هەن، قابیلە بچن سواڵ بکەن؟ ناچارم ئیش دەکەم. خاوەنکارەکە خزممە و لێم ڕازییە، سا خوا بکا هەتا سەر بێت. مەکتەبی چی؟ ئیسراحەتی چی؟ من مەکتەبم بە جێهێشت، چونکە نەمدەتوانی، لەبەر یارمەتیی دایکم و خوشکەکانم. دیارە ئێمەی هەژار خوا بۆ چەرمەسەری خەلقی کردووین.
زۆریان بەزەیی پێداهاتەوە، نەیشیانوێرا شتێك پارەی بدەنێ، نەوەك بە جۆرێکیتر لێك بدرێتەوە. دوای ئەمە تووشی یەك دوو مناڵ بوون، یەکی سنووقێکی کراوەیان بە قاییش لەملدا هەڵواسیبوو، گەلێ شتی تێدا بوو وەك جگەرە، بنێشت و نوقڵ. کە دەهاتنە پێشەوە دەپارانەوە کە لێیان بکڕن. ئەم حەزیدەکرد پرسیاریان لێبکات.
ــ ڕۆڵە! ئەوەندەتان لێی دەستدەکەوێت کە کەلەبەرێکی ژیانتان بۆ بگرێت؟
ــ نەوەڵڵا مامە گیان. بەڵام هەر باشە، شتێ لەم و شتێ لەوەی دایکم بە نانەواییی ماڵان پەیدای دەکات و خوشکە گەورەکەیشم بە جلشتن.
لەجێی خۆیان وشکبووبوون. ئەم لە دڵی خۆیدا بیریدەکردەوە: خوایە بۆچی دەبێت ئەمانە ئاوا لەعەزابا بن؟ لەگەڵ هاوڕێکەیدا پرسیاریان لێکرد ماڵتان لەکوێیە؟ وتی لەفلانە گەڕەك. خوا کردی نزیکبوو، لەپشت مزگەوتی گەورەوە بوو، لەشوێنێکدا کە حەوشەیەکی گەورەبوو. دە ژوور لەگەڵ دە هەیوانی تێدا بوو. هەر یەکێك لەو ژوور و هەیوانانە خێزانێکی تێدا دەژیا، لەسێ نەفەر تا دە نەفەر دەبوون. ئەم و هاوڕێکەی شتێك پارەیان پێمابوو. باشبوو دایکی ئەو کوڕە لەماڵبوو. بانگیانکردو وتیان تۆ دایکی فلانە منداڵیت؟ وتی: بەڵێ، چییکردووە؟ وتیان هیچی نەکردووە و زۆریش عاقڵە. ئەگەر قبووڵ بکەیت، ئێمە لەدەرەوە دەژین، شتێ پارەمان پێیە، حەز دەکەین وەریگریت، بەشکم بتوانی شتێکی پێ پێکەوە بنێیت، تا بتوانیت منداڵەکەت بنێریتەوە مەکتەب.
ــ سوپاستان دەکەم، بەڵام من سواڵکەر نیم. من بە ڕەنجی شانم مناڵەکانم بە خێو دەکەم.
ــ خوشکی گەورەمان؟ ئێمە لەبەر هیچ مەبەستێ نییە، تەنیا هەر بۆ ئەوەیە ئەو کوڕە جوان و عاقڵەت لە دەرەوە نەبێت و بچێتە مەکتەب، بەشکم پێبگات. پەیمانت دەدەینێ



هەرکاتێك کوڕەکەت گەیشتە نانی خۆی و ئێمە مابووین، دێین پارەکەمان بداتەوە.
ژنە بەو مەرجە و بەوەی کە سەیریکرد ئەمان بەساڵاچوون و هیچ مەبەستی خراپیان نییە، ڕازی بوو. هەردوویان دڵیان ئیسراحەتیکرد.
ئەو ڕۆژە لەگەڵ هاوڕێکەیدا نەیدەزانی چی بکات. بۆ ئێوارە بڕیاریاندا بچنە یانەی زانکۆ. ئەوانەی کە لەوێن، لەمان زیاتر نین. بەرەو یانە کەوتنە ڕێ. لەباخچەی یانەکە دانیشتن. یەکێك هات و وتی ئێوە کێن؟ ئەمان وەڵامیاندایەوە، وتیان ئێمە خێوین، مەترسە زیانمان بۆتان نابێت. کوڕە حەپەسا. لە دواییدا ئەمان خۆیان پێشکەشکرد. کابرا دڵی ئاسوودەبوو کە زانیی ئەمانیش کاتی خۆی مامۆستای زانکۆ بوونە. ئینجا وتی بە خێربێن، بەڵام ئێرە هەرزان نییە، چونکە تەنیا ویسکیمان هەیە و عارەق نافرۆشین. وتیان چیتان هەیە گرنگ نییە، دەمانەوێت.
بە جووتە دانیشتن. دڵیان زۆرخۆشبوو چونکە دەروێشی هاوڕێیان دۆیبووەوە و هەروەها سەری گەڕەك و سەرقەبران و کارێزی وەستا شەریف و گردی سەیوان و یارەیان دابوو. خۆشترین شت بە لایانەوە ئەوە بوو کە ئەو پارە کەمەیان بەخشی بەو ژنە هەژارە نەفسبەرزە. شەوێکی زۆر خۆشبوو لایان. درەنگانێك هەریەکە بەرەو ماڵی خانەخوێ گەڕانەوە. ئەم، ئەو شەوە هەر لەخەیاڵی ڕووداوەکانی دوێنێدا بوو، بیری لێدەکردنەوە.
دوای دوو ڕۆژ هەردوویان لەفرۆکەخانە یەکتریاندی و بەرەو ئەورووپا کەوتنەوە ڕێ. کە گەیشتەوە ماڵ، وێنەکانی شارەکەی خۆی هەر لەبەر چاوی بوون.
بۆ بەیانی، هەروەك جاران، چوو بۆ قاوەخانەکە. ئەوانەی لەوێ خزمەتیان دەکرد بەخێرهاتنەوەیانکرد. پرسیاری پشوودانەکەیان لێیدەکرد، ئەمیش بۆی باسدەکردن، بەڵام لەدڵی خۆیدا دەیوت پشووی چی؟ وردەوردە ڕاهاتەوە و هەموو ڕۆژێك دەهاتەوە هەمان قاوەخانە. ئەوانەی دەهاتن، هەروەك جاران سەیریاندەکرد و ڕۆژباشیان لێدەکرد و منداڵەکانیان بە عارەبانەکانەوە دەهێنایە بەردەمی. لەدڵی خۆیدا بیریدەکردەوە، تۆ بڵێی هەتا جارێکیتر دەچمەوە بۆ وڵات، ئەو منداڵە چووبێتە مەکتەب و دەستی بە خوێندن کردبێتەوە؟

# خەونی نووسین

ئەحمەد مستەفا نەجمەدین

وەرگـێڕان و نووسین بەشێوەکی گشتیی دوو بـواری رۆشنبیریی و فەلسەفین، بەڵکو دوو شێوازو جۆری پرۆسەی کەلتووری رۆشنبیرین، بۆئەوەی ئێمەی جیاواز لەوانی ترو ئێمەی خاوەن بیروبۆچوون و رەهەندەکانی فیکر لەوان ئاوێر بکات، بەو مانا رۆشنبیرییەی دەسەڵاتی مەعریفە خۆی بەسەر تێکستدا بسەپێنێت و ئەو بیرو رەهەندە مەعریفیانە لەوەرگێڕانی بابەتێك یاخود نووسیندا ببنە جێگای مشتومڕو قسەوباسی تر، خەونی نووسین کتێبێکی (٢٨١) لاپەڕەییەو وتووێژییە، دڵشاد خۆشناو لەفارسییەوە وەریگێڕاوەتە بۆ زمانی کوردی و رەئوف بێگەرد پێداچوونەوەی بۆ کردووە، ئەم کتێبە ئاخاوتنی هەشت نووسەری هاوچەرخ سەبارەت بەنووسین لەخۆدەگرێت، دوای ئەوەی وەرگێڕ پێشەکییەکی کورت و پێویستی لەسەرەتای کتێبەکەیدا نووسیوە، دێتە سەر خودی مەبەست، بێگومان پرۆسەی وەرگێڕان چەندە کارێکی سەختە لەڕووی زمان و فیکرەوە، دەستنیشانکردنی بابەتێك بۆ وەرگێڕان هێندەش بەرپرسانەیە بۆئەوەی بزانین وەرگێڕان دەتوانێت چ مەعریفەیەك بهێنێتە ناو زمان و کەلتووری کوردی، ئەمە رەهەندی وەرگێڕانەکەیە، دەبێت بزانین رۆشنبیرو کتێبخانەی تۆ، وەك نەتەوەو وەك خاوەن کەلتوورو مێژوو دەتوانێت گوتاری رۆشنبیریی هاوچەرخانەی دەرەوە بەدەستبهێنێت؟ من پێموایە بەشێوەیەکی گشتیی قسەکردن فەلسەفەیە، بەڵام ئەوەی تر گەشەکردن و پێشکەوتن و شۆڕش و دەیان زاراوەی تری فەلسەفاندن، تایبەتمەندی ئەو کتێبە (خەونی






نووسین)، لەوەدایە گوڵبژێری هەشت نووسەری هاوچەرخ، لەڕاستیدا ئەو نووسەرانە بەشێکیان لەکاری رۆژنامەنووسیدا بەشێوەیەك چڕبوونەتەوە، ئاستی رۆشنبیرییان لەگەڵ کاری رۆژنامەنووسدا رەنگدانەوەی بۆ خودی نووسینەکانیان هەیە، گەیشتنی خوێنەری کورد بەپانتایی رۆشنبیری ئەو هەشت نووسەرە، واتە تێکەڵبوونی کەلتوورێك لەخودی خوێنەرەوە بۆ دونیابینییەکی تر، بۆ ئاستێکی تری رۆشنبیریی رەهەندێکی دیکەوە، واتە لێکئاڵاندنی هەردوو مەعریفەی (خوێنەر+خەونی نووسین)، خەونی نووسین لەپرۆسەیەکی گشتگیری رۆشنبیریی دەچێت، هاوکات پرۆسەیەکی رۆشنبیریی لەتایبەتمەندێتی (٨) نووسەری خاوەن ناسنامەی نووسین و رۆژنامەنووسی و ئەدەبییەوە نزیکدەبینەوە، لەهەریەکەیان دەرگایەك هەیە بۆ تێگەیشتنی ئەو دونیابینییەی ئەوان، ئاسان نییە (جۆرج پلیمپتن) وەك سەرنووسەرێك رۆژنامەڤانێك بناسیت لەڕێی تەنها وەرگێڕانێك، بگرە ئەوانی تریش ئەگەر چی لەڕێی ئەو وەرگێڕانەوە دەتوانین دوا بینینی جۆرج لەبوارەکانی نووسیندا بەدەستبێنین.

هەرچەندە هێزی رۆشنبیریی ئەو هەشت نووسەرە هەریەکەیان لەبواری خۆیدا وەك نووسین پەنجەرەیەکیان لەبینای مێژوودا بۆ خۆیان و خوێنەرانی دونیا کردووەتەوە. جۆرج پلیمپتن لەژیانی رۆژنامەوانی و نووسینی خۆیدا وتووێژکەرێکی پڕبەخت بووە، چونکە ئەو بەخت یاری بوو چاوپێکەوتن لەگەڵ هێمنگوای و زۆرترین کەڵەنووسەران بکات و هەژاندن دروستبکات، لەدووەم نووسەری ئەو کتێبەدا، چاوماندەکەوێت بەناوی خاوەنی سەدساڵ تەنیایی، کە براوەی خەڵاتی نۆبڵی رۆژنامەنووسییە، سێ رۆژ لەگەڵ گابۆدا، واتا گابرێل گارسیا مارکیز.

مارکیز بۆچوون و خوێندنەوەی جیاوازی خۆی لەبەرامبەر پیشەی رۆژنامەنووسی و هەم دەقی ئەدەبی هەیە، رایەکی جوان و جێگای سەرسوڕمان نابێت، مارکیز پێیوابێت کاری رۆژنامەنووسیی (فۆرمێکی ئەدەبییە)، لەلایەکی ترەوە پێیوایە کەمتر لەزەمینەی تەکنەلۆژیادا سەرمایەگوزاریی بکەن، بەڵکو خەریکی پەروەردەکردنی کادیربن لەوبوارەدا، کارایی مارکیز لەگرنگیدان و نووسین نەبووە بەتەنها، بەڵکو بەڕێوەبردنی وۆرکشۆپ تایبەتمەندییەکی تری ئاستی ژیریی و لێهاتوویی ئەوە دەسەلێنێت لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لەڕۆژنامەنووسان بەشدارییان لە وۆرك شۆپەکاندا هەبووبێت، درککردنی مارکیز بەباری ئەخلاقی و ئازادیی رۆژنامەنووس و چاپەمەنی لەهەلومەرجی ترسناك و ململانێی تەکنەلۆژی بووبێت بۆئەو بوارە، لەبابەتی مارکیز زۆر سەرنجمان بەبواری رۆژنامەنووسی و هەواڵنێری و هەلومەرجی تەکنەلۆژیای رۆژنامەنووس رادەکێشرێت، مارکیز دوو کەسایەتی هونەری رۆژنامەنووسی و ئەدەبی لەتایبەتمەندییەکانی خۆی چڕدەکاتەوە بەڵام زۆر کاریگەرانە.






ئەستەمە تۆ بڕیاربدەیت و واز لەزانکۆ بهێنێت لەپێناو نووسینەوەی خۆت، کەخۆت مەبەستم ڕێك کەسایەتی ودی ئالن خۆیەتی لەنووسینەوەی تەنز، ناسینی ودی ئالن لەڕێگەی ئەو وەرگێڕانەوە شارەزاماندەکات لەوەی کە ودی ئالن لەگەڵ تەنزدا فلیمنووس و بەرهەمهێن و کارەکتەریش بووە، کەسایەتی ودی ئالن لەو لێدوان و پێشنیارەدا بەشێوەیەك سەیردەکەین کەسادەو هەڵگری مانایەکی جوان لەئاستی ستاتیکادایە، لەگەڵ ئەوەشدا ودی ئالن چەند هەنگاوێکی لەژیانی رۆشنبیری و هونەریدا هاویشتووە.

داگیرکردنی زۆرترین خوێنەر یەکێکە لەئاکارە بەهێزو هونەری و ئەدەبییەکان کەنووسەر بتوانێت لەخۆیدا بینا بکات، من لەو بابەتەی شاژنی تاوان، کە پیدی جێمز پێی ناسراوەو دەقێکی ئەدەبی دەخوڵقێنێت لەڕووکەشدا جیاوازییەکی بەرچاو هەبێت نەك کارێکی گرانبەهایە، بەڵکو شاکارێکە بۆ ئەدەبی زیندوو، وەڵامی پۆلیسی جگەلەوەی ئەدەبیاتێکی فەنتازی هەیە، بەڵکو لێکۆڵەری پۆلیس بابەتێکی گرنگە لەپرۆسەی نووسیندا بەدیبکرێت، کە پیدی جیمز توانیویەتی نووسەرێکی دیاری ئەو بابەتەبێت.

پێنجەم نووسەری ئەو کتێبە تاهر بن جەللونە، ئەو توانایەکی فرەی لەبارەی نووسین بۆ خۆی پەیداکردووە، لەخێزانێکی بچوك و کاسبکاردا بتوانێت دەرکەوێت، لەپەروەردەیەکی ئایینییەوە بۆ نووسەرێکی ناسراو کارێکی سەختە، جێگای گرنگییە لەو کتێبەدا ببێتە یەکێك لەو هەشت نووسەرە بەناوبانگە.

تەمەنی رۆمان هێشتا ٢٠٠٠ ساڵی ماوە، ئەو قسەیە دونیابینییەکی مەزنی هەیە، کاداریێ لەتەمەنێکی زۆر گچکەدا ئاستێکی گەورەی ئەدەبی تۆماردەکات، بەنووسینی رۆمانی (جەنەراڵی سوپا مردوو) ئەگەرچی ئێمە ناتوانین بڕیار لەسەر شێواز، هونەری نووسین و فەنتازیای ئەو رۆمانە بدەین، چونکە نەمانخوێندۆتەوە، بەڵام باسکردن و گۆتاندنی کاداریێ دەلالەتێکی دروستە بۆ ئەو راستییە.

نایپۆل دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر دەبێتە ناسراوێك لەنووسیندا ناوبانگێکی بێ وینە بۆخۆی تۆماردەکات، دوا نووسینی ئەم کتێبە، خۆزێ ساراماگۆیە، رەنگە وەرگرتنی خەڵات بەتەنیا پێوەرێك نەبێت بۆ دیاریکردنی ئیرادەی نووسین و تواناکانی ئەدەبی، بەڵکو دروستکردنی خەڵاتێکی نۆبڵی لەپەنای پشتیوانێکی گەورەی رۆشنبیرییەوە بایەخ وەردەگرێت، خەونی نووسین، چاومان لەبەرامبەر ئەو هەشت نووسەرە دەکاتەوەو دەمانباتە دەرەوەی رۆشنبیریی میحوەرێکی دیاریکراو، لەناو کەلتوورو رۆشنبیریی دەرەوەی تینوێتیمان دەشکێنێت، خوێندنەوەی ئەم کتێبە کردنەوەی دونیابینی هەستی نووسەرە بۆ خوێنەری کوردی گرنگییەکی گرانبەهای هەیە.